**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمووارکراو و پاڵپشت بە یاساکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٧)ی رۆژی ٢٠٢٢/٦/٢٢ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**یاسای دەستەی متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی (١):**

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:-

**یەکەم: هەرێم**: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم: ئەنجومەنی وەزیران**: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

**سێیەم: دەستە**: دەستەیەکی دڵنیاکەرەوەی زانستی متمانە بەخشینە بە دامەزراوەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێم، کە بەپێی ئەم یاسایە دامەزراوە، بۆ پاڵپشتی و هاریکاری هەردوو وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و دامەزراوەکانی پەروەردەیی، بە ئامانجی دڵنیابوونەوە لە کوالێتی پەروەردە و خوێندنی باڵا.

**چوارەم: ئەنجومەن**: ئەنجومەنی باڵای دەستە.

**پێنجەم: دامەزراوەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا**: دامەزراوەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەر بە هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێم و هەر دامەزراوەیەکی تری پەروەردەیی.

**شەشەم: بڕوانامەی متمانەیی**: بەخشینی متمانەیە بە دامەزراوەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، دوای دڵنیابوون لەوەی کە دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندن هەموو پێداویستی و پێوەرەکانی متمانە بەخشینیان جێبەجێ کردووە، لەلایەن دەستەوە دەدرێت.

**ماددەی (٢):**

**ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لە دڵنیابوونەوە لە:-**

**یەکەم:** پاراستنی کوالێتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، بە شێوەیەکی یەکسان بۆسەرجەم قوتابیان، لەڕێگەی داڕشتن و دروستکردنی کولتوری ڕۆشنبیری هەڵسەنگاندن و بەرەو پێشچوونی بەردەوام.

**دووەم:** بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەیی و زانستی دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا.
**سێیەم:** بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکانی دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، بە مەبەستی پێگەیاندنی نەوەیەکی بەرپرسیار و هۆشیار و بەرهەمدار.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** دەستەیەک بەناوی (**دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە وخوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستانی - عێراق**) دادەمەزرێت و خاوەن کەسێتی مەعنەویی وسەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی دەبێت.
**دووەم:** دەستە سەرۆکێکی دەبێت کە لەلایەن ئەنجومەنی باڵا دیاریدەکرێت، و بەرپرس دەبێت لە ئاڕاستەکردنی کارەکانی و گشت ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە ئەرکەکانی دەستە و سەرجەم کاروبارەکانیەوە هەیە.
**سێیەم:** دەستە لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێکدێت، و لەلایەن سەرۆکی دەستەوە سەرپەرشتی دەکرێن:-

١- بۆردی متمانە بەخشینی پەروەردەیی.

٢- بۆردی متمانە بەخشینی خوێندنی باڵا.

٣- فەرمانگەی  یاسایی و کارگێڕی و دارایی.

**چوارەم:** پێکهاتەکانی بۆردی متمانە بەخشینی پەروەردەیی و بۆردی متمانە بەخشینی خوێندنی باڵا و فەرمانگەکانی دەستە و لقەکانی، و ئەرک دەسەڵاتەکانیان، بە پەیڕەوێکی ناوخۆ دیاری دەکرێن کە دەستە پێشنیاری دەکات و ئەنجومەنی باڵا پەسەندی دەکات.

**پێنجەم:** دەستە لەکاتی پێویستدا دەتوانێت بەڕێوەبەرایەتی و بەش و  هۆبە بهێنێتە کایەوە یان لێکیان بدات یان هەڵیانبوەشێنێتەوە.

**ماددەی (٤):**

**ئەرکەکانی دەستە بریتین لە:-**

**یەکەم:** دانانی پێوەری گونجاو بۆ چەسپاندنی بنەماکانی متمانە بەخشین، بە جۆرێک هاوتەریب بێت لەگەڵ پێوەرە کارپێکراوە نێودەوڵەتییەکان کە دەستەبەری نایابی ئەکادیمی و پەروەردەیی و ئەنجامەکانی کۆی پرۆسەی خوێندن و فێربوون بکات.
**دووەم:** دڵنیابوون لەوەی کە دامەزراوەکانی پەروەردەیی و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەیڕەوی پێوەر و ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی متمانە بەخشین لە پرۆگرامەکانی خوێندن دەکەن، لەڕێگەی ڕێکخستنی میکانیزمەکانی پرۆسەی متمانە بەخشین و بەکارهێنانی ئامرازەکانی پێداچوونەوەی هاوشێوە و چاودێریکردنیان.

**سێیەم:** پشتیوانیکردنی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ دانانی سیاسەتی گشتی و پلان و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانی تایبەت بە پرۆسەی بەدەستهێنانی بڕوانامەی متمانەیی بۆ دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و پرۆگرامەکانی خوێندن، و فەراهەمکردن و بە دەستهێنانی بودجە و پشتیوانی دارایی بۆ ئەو دامەزراوانە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی ئەو بڕوانامەیە بەپێی پێوەرە کارپێکراوەکان.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم:** ئەنجومەنی باڵا سەرپەرشتی دەستە دەکات، و پێوەر و سیاسەتی گونجاو بۆ متمانە بەخشین و ڕێسا و ڕێکسازییەکان بۆ جێبەجێکردنیان، پەسەند دەکات.

**دووەم:** پێکهاتە و ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەم ئەنجومەنە بە پەیڕەوێک ڕێکدەخرێت، کە ئەنجومەنی وەزیران دەریدەکات.

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** دەستە بودجەیەکی تایبەتی لە ناو بودجەی گشتی هەرێمدا دەبێت.

**دووەم:** دەستە بۆی هەیە ببێتە خاوەنی مایەی گوێزراوە و نەگوێزراوە، و ئەنجامدانی گشت ئەو ڕەفتارە یاساییانەی بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی پێویستن، لە نێویشیاندا ئەنجامدانی ئەو گرێبەستانەی کە تایبەتن بە بەدیهێنانی ئەرکەکانی دەستە،و قبوڵکردنی یارمەتی و بەخشین ودیاری

**ماددەی (٧):**

دامەزراوەکانی پێکهاتوو بەپێی ئەم یاسایە، جێگەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ناگرنەوە، لەو ئەرک و دەسەڵاتانەی لە یاسای تایبەتی ئەو وەزارەتانە بۆیان دەستنیشان کراوە.

**ماددەی (٨):**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

**ماددەی (٩):**

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**ماددەی (١٠):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا، جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ئەکادیمی دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، و دەستەبەرکردنی کوالێتی خوێندن لە هەرێم، بە ئامانجی پێگەیاندنی نەوەیەکی بەرپرسیار و هۆشیار و بەرهەمدار، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢٢/٧/٢٧**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە:١٤٩٨١ لە ٢٠٢٢/٧/١٧**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتانەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩ و یاسای هاتووچۆ ژمارە (٨٦) ساڵی ٢٠٠٤ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان بە یاسای ژمارە (٣٦) ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا بەدەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی شوفێری لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە بۆ مەبەستی جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە ئەم مانایانە کە بەرامبەریان دیاری کراوە:-

١- **هەرێم**:- هەرێمی کوردستان - عێراق.

٢- **وەزارەت**:- وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- **وەزیر**:- وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٤- **ئەفسەری مۆڵەت**: ئەفسەری ڕێگەپێدراو بە دەرچوواندنی مۆڵەتی شوفێری لەلایەن بەڕێوەبەری هاتووچۆی تایبەتمەند.

٥- **مۆڵەتی شوفێری**: بەڵگەنامەیەکە کە ڕێگە بە هەڵگرەکەی دەدات شوفێری ئۆتۆمبێل بکات لە ناو هەرێمی کوردستان و عێراق بەپێی کلێشەی دیاری کراو لە پاشکۆی ژمارە (١)ی ئەم ڕێنماییە.

**ئامانجەکان**

**ماددەی (٢):** ئامانج لە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە ڕێکخستنی سیستەمی نوێی مۆڵەتی شوفێرییە لە هەرێمی کوردستان بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان.

**مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی شوفێری**

**ماددەی (٣):** بۆ پێدانی مۆڵەتی شوفێری پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:-

١- تەواوکردنی تەمەنی یاسایی بەپێی جۆری مۆڵەت کە لەماددەی (چوارەم)ی ئەم ڕێنماییە دیاریکراوە.

٢- پێشکەش کردنی داواکارییەك بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند.

٣- هاوپێچ کردنی ئەم بەڵگەنامە فەرمییانەی خوارەوە بە کۆپیەکی ڕەنگاورەنگ:

أ- کارتی نیشتمانی یان ناسنامەی باری کەسی و ڕەگەزنامەی عێراقی.

ب- کارتی زانیاری.

ج- (٢) دوو وێنەی ڕەنگاورەنگ.

٤- پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاری پێدانی مۆڵەت.

٥- پێدانی ئەو بڕە پارانەی کە بۆ داواکاری و فۆرمی پێدانی مۆڵەت دیاری کراون لە ماددەی (شەشەم)ی ئەم ڕێنماییە.

٦- پێویستە هەر کەسێك کە داوای مۆڵەتی شوفێری دەکات لە شوێنی جوگرافی نیشتەجێ بوونی خۆی و لەو بەڕێوەبەرایەتییە بکات کە لەو سنوورەیە.

٧- دەرچوون لە پشکنینە پزیشکیەکان کە بۆ پێدانی هەموو جۆرەکانی مۆڵەتی شوفێری دیاری کراوە.

٨- دەرچوون لە تاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی.

**ماددەی (٤):** مۆڵەتی شوفێری ئەم جۆرانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

**یەکەم: مۆڵەتی شوفێری ماتۆرسیکل:**

١- **مۆڵەتی جۆری** (A1): رێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری ماتۆرسیکل بکات، کە قەبارەکەی لە (40cc) زیاتر نەبێت و تەمەنی (١٦)ساڵی تەواو کردبێت.

٢- **مۆڵەتی جۆری** (A): رێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری ماتۆرسیکل بکات کە قەبارەکەی لە (40cc) زیاتر بێت، و دەبێت (٢) ساڵ بەسەر مۆڵەتی جۆری (A1)ی تێپەڕبوو بێت.

**دووەم: مۆڵەتی ئوتۆمبێل:**

١- **مۆڵەتی جۆری** (B): رێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری ئۆتۆمبێل بکات کە کێشی ئۆتۆمبێلەکە بە بارەوە لە (٣٥٠٠) کیلۆگرام زیاتر نەبێت، و عارەبانەیەك رابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر نەبێت و بە هەردووکیان بە بارەکانیانەوە کێشیان لە (٣٥٠٠) کیلۆگرام زیاتر نەبێت و پێویستە داواکار تەمەنی (١٨) ساڵی تەواو کردبێت کە دوو جۆر دەگرێتەوە:

أ- ئۆتۆمبێلی ساڵۆن و ستەیشن کە لە (٩) سەرنشین زیاتر نەبێت بە شوفێرەوە.

ب- ئۆتۆمبێلی پیك ئاب (تاك یان دەبل کابینە).

٢- **مۆڵەتی جۆری** (BE): رێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری ئۆتۆمبێلی مۆڵەتی جۆری (B) بکات و عارەبانەیەك رابکێشێت کە کێشی لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر بێت ولە (٣٥٠٠) کیلۆگرام بە بەتاڵی زیاتر نەبێت و پێویستە تەمەنی (١٨) ساڵی تەواو کردبێت، پێویستە داواکاری ئەم جۆرە مۆڵەتە پێشتر مۆلەتی جۆری (B) بە دەست هێنا بێت و ساڵێکی بەسەر تێپەڕبوو بێت.

**سێیەم: مۆڵەتی بارهەڵگر:**

١- **مۆڵەتی جۆری** (C1): رێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر بکات کە کێشی بە بارکراوی لە نێوان (٣٥٠٠) و (٧٥٠٠) کیلۆگرام بێت، و دەتوانێت عەرەبانەیەك رابکێشێت بە بارکراوی کە کێشی لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر نەبێت و وپێویستە داواکار تەمەنی (٢٠) ساڵی تەواو کردبێت و پێشتر مۆلەتی جۆری (B) بەدەست هێنا بێت و ساڵێکی بەسەر تێپەڕبوو بێت.

٢- **مۆڵەتی** جۆری (C1E): رێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری ئۆتۆمبێلی ئەم جۆرانەی خوارەوە بکات و پێویستە داواکار تەمەنی (٢٠) ساڵی تەواو کردبێت و شوفێرەکەی پێشتر مۆڵەتی جۆری (C1)ی هەبووبێت:

أ- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە شوفێرەکەی مۆڵەتی جۆری (BE)یان هەیە.

ب- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە مۆڵەتی جۆری (B)یان هەیە و دەکرێت ئۆتۆمبێلەکە عەرەبانە یان نیمچە عەرەبانەیەك رابکێشێت و کێشی بە بارکراوی لە نێوان (٣٥٠٠) کیلۆگرام تا (١٢٠٠٠) کیلۆگرام بێت.

ج- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە مۆڵەتی جۆری (C1)یان هەیە و دەکرێت ئۆتۆمبێلەکە عەرەبانە یان نیمچە عەرەبانەیەك رابکێشێت و کێشی بە بارکراوی لە نێوان (٣٥٠٠) کیلۆگرام تا (١٢٠٠٠) کیلۆگرام بێت بەو مەرجەی کێشی عارەبانەکە لە کێشی ئۆتۆمبێلەکە زیاتر نەبێت.

٣- **مۆڵەتی جۆری (C)**: رێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر بکات کە کێشی بە بارکراوی لە (٣٥٠٠) کیلۆگرام زیاتر بێت و دەکرێت ئۆتۆمبێلەکە عەرەبانەیەك رابکێشێت کە کێشی لە (٧٥٠) کیلۆگرام بە بارکراوی زیاتر نەبێت و پێویستە داواکار تەمەنی (٢٠) ساڵی تەواو کردبێت و پێشتر مۆڵەتی جۆری (B) بەدەست هێنا بێت و ساڵێکی بەسەر تێپەڕبوو بێت.

٤- **مۆڵەتی جۆری** (CE): رێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری ئۆتۆمبێلی جۆری (قاطرە و مقطورە) بکات و دەبێت (مقطورە) کێشی لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر بێت و داواکار تەمەنی (٢٠) ساڵی تەواو کردبێت و پێویستە شوفێرەکەی پێشتر مۆڵەتی جۆری (C)ی هەبوو بێت و ساڵێکی بەسەر تێپەڕبووبێت و هەڵگری ئەم جۆرە مۆڵەتە دەتوانێت شوفێری ئۆتۆمبێلی کە مۆڵەتی جۆری (C1E) و (BE) و (T) هەیە.

٥- **مۆڵەتی جۆری** (D1): رێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری پاس بکات کە لە (١٦) سەرنشین لەگەڵ شوفێر زیاتر نەبێت و دەتوانێت عەرەبانەیەك کە کێشی لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر نەبێت رابکێشێت وپێویستە داواکار تەمەنی (٢٠) ساڵی تەواو کردبێت و پێشتر مۆلەتی جۆری (B) بەدەست هێنا بێت و ساڵێکی بەسەر تێپەڕبووبێت.

٦- **مۆڵەتی جۆری** (D1E): رێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری جۆری (D1) بکات و دەکرێت ئۆتۆمبێلەکە عەرەبانەیەک رابکێشێت کە کێشی لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر بێت ، و ئەم جۆرە مۆڵەتە رێگا بە هەڵگرەکەی دەدات کە شوفێری ئۆتۆمبێلەکانی مۆڵەتی جۆرەکانی (D1 ، B ، BE ، C1E) بکات و داواکار پێویستە تەمەنی (٢٠) ساڵی تەواو کردبێت و پێشتر مۆڵەتی جۆری (D1)ی هەبوو بێت و ساڵێکی بەسەر تێپەڕبووبێت.

٧- **مۆڵەتی جۆری** (D): رێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری ئۆتۆمبێلی گواستنەوە بە هەموو جۆرەکانەوە بکات و دەکرێت ئۆتۆمبێلەکە عەرەبانەیەک رابکێشێت کە کێشی لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر نەبێت ، و داواکار پێویستە تەمەنی (٢٠) ساڵی تەواو کردبێت و پێشتر مۆلەتی جۆری (B) بەدەست هێنا بێت و ساڵێکی بەسەر تێپەڕبوو بێت.

٨- **مۆڵەتی جۆری** (DE): رێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری ئۆتۆمبێلی گواستنەوە بکات و دەکرێت ئۆتۆمبێلەکە عەرەبانەیەک رابکێشێت کە کێشی لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر بێت ،و پێویستە داواکار تەمەنی (٢٠) ساڵی تەواو کردبێت و پێشتر مۆڵەتی جۆری (D)ی هەبێت و ساڵێکی بەسەر تێپەڕبووبێت، و دەتوانێت شوفێری ئۆتۆمبێلی جۆری مۆڵەتی (BE) و (D1E) بکات و دەکرێت بەکاربێت بۆ شوفێریی ئۆتۆمبێلی مۆڵەتی جۆری (C1E) ئەگەر شوفێر مۆڵەتی جۆری (C1)ی هەبێت.

**چوارەم: ئۆتۆمبێلی کشتوکاڵی وبیناسازی:**

**مۆڵەتی جۆری (T):** رێگا دەدات بە هەڵگری شوفێری ئۆتۆمبێلی کشتوکاڵ بکات و دەکرێت (مقطورە) یان (نیمچە مقطورە) یـان عەرەبـانە رابکێشـێت، هەروەهـا هەڵگـری دەتوانێـت شـوفێری ئۆتـۆمبێلی بیناسازی بکات لەگەڵ راکێشانی (مقطورە) یان (نیمچە مقطـورە)، و پێویسـتە داواکـار تەمەنـی (١٨) ساڵی تەواو کردبێت.

**ماددەی (٥): ماوەی مۆڵەتی شوفێری:**

**١-** مۆڵەتی شوفێری بە گشت جۆرەکانیەوە بۆ ماوەی (٥) ساڵ کاری پـێ دەکرێـت و نـوێ دەکـرێتەوە بە مەرجی ئەنجامدانی پشکنینە پزیشکییەکانی دیاریکراو بۆ پێدانی مۆڵەتی شوفێری و پێدانی ئەو برە پارانەی کە لەم رێنماییە دیاری کراوە.

**٢-** هەڵگری مۆڵەتی شوفێری مافی هەیە پێش (٦) مانگ لە رێکەوتی بەسەرچوونی مۆڵەتەکەی داوکاری نوێ کردنەوە پێشکەش بکات.

**٣-** هەڵگری مۆڵەتی شوفێری مافی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی هەیە (ترقین) ، پاش پێشکەش کردنی داواکارییەك لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند و پێدانی ئەو برە پـارەیەی کە لە بـڕگەی (١)ی ماددەی (شەشەم) دیاری کراوە.

## ئەحکامە داراییەکان

**ماددەی (٦):**

١- بڕی (٥,٠٠٠) پێنج هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر هەر داواکارییەکی پێدانی مۆڵەتی شوفێری.

٢- بـڕی (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینـار وەردەگیرێـت بەرامـبەر بەپێـدانی فـۆرمی مـۆڵەتی شـوفێری بـۆ هەمـوو جۆرەکانی.

٣- بڕی (٥,٠٠٠) پێنج هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر هەر تاقیکردنەوەیەکی تیۆری.

٤- بڕی (٥,٠٠٠) پێنج هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر هەر تاقیکردنەوەیەکی پراکتیکی.

٥- بـڕی (٥٠,٠٠٠) پەنجـا هەزار دینـار وەردەگیرێـت بەرامـبەر پێـدان و نـوێ کـردنەوەی کـارتی مـۆڵەتی شوفێری.

٦- بڕی (٦٠,٠٠٠) شەست هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر دەرکردنـی کـارتی مـۆڵەتی شـوفێری لە کـاتی تێکچوون یان وونبوونی.

٧- بڕی (٥,٠٠٠) پێنج هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر هەر مانگێك دواکەوتن لە نوێ کردنەوەی مۆڵەتی شوفێری پاش (٣٠) رۆژ لە رێکەوتی بەسەرچوونی مـۆڵەتەکە ئەگەر شـوفێر لە نـاو عێـراق بێـت، و تـا (٦٠) رۆژ ئەگەر شوفێر لە دەرەوەی عێراق بێت.

٨- بڕی (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار وەردەگیرێت زیاتر لەوەی کە لە بڕگەی (٥) ئەم ماددەیە دیـاری کـراوە، بەرامبەر پێدانی مۆڵەتی شوفێری نوێ پێش تەواوبوونی وادەی مۆڵەتی شوفێری کۆن.

٩- ئەو بڕە پارانەی کە لە سەرەوە دیاری کراون دەخرێنە سەر ئەژمێری وەزارەتی دارایی و ئابووری و ڕێژەیەکی دیاری کراو لەو پارەیە بەپێی بڕیار و ڕێنماییەکانی حکومەت تەرخان دەکرێت بۆ پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

## ئەحکامە کۆتاییەکان

**ماددەی (٧):**

**یەکەم**: گۆڕینی مۆڵەتی شوفێری بیانی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- مۆڵەتی شوفێری بیانی جۆرەکانی (A) و (B) و (BE) دەگۆڕدرێت بۆ مۆڵەتی نوێی شوفێری لە هەرێم و تەنها بۆ ماوەی یەك ساڵ مۆڵەتی پێ دەدرێت.

٢- دوای تەواوبوونی ماوەی بڕگەی (١)ی سەرەوە پێویستە کەسی بیانی مۆڵەتی شوفێری نوێ دەربکات بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە.

٣- پێویستە کەسی بیانی بڕی پارەی دیاری کراو لە بڕگەی (٥)ی ماددەی (شەشەم) بدات.

٤- مۆڵەتی شوفێری بیانی لە هەرێم بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ کاری پێ دەکرێت.

٥- فەرمانبەرانی بیانی کونسولگەرییەکان کە لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە جگە لە کونسولگەرییە فەخرییەکان مۆڵەتی شوفێریان پێ دەدرێت بەپێی بڕگەکانی (١و٢)ی ئەم ماددەیە.

**دووەم**: پێویستە کەسی بیانی نشینگەی فەرمیی هەرێمی کوردستانی هەبێت و شەش مانگ زیاتری مابێت.

**ماددەی (٨): وونبوونی مۆڵەتی شوفێری:**

١- لە کاتی وونبوونی مۆڵەتی شوفێری، پێویستە خاوەنی مۆڵەتی شوفێری بۆ پێدانی کارتێکی نوێ لە پۆلیسی وونبووەکان داواکاری تۆمار بکات و بڕیاری دادگا دەربچێت بە پێدانی کارتی نوێی مۆڵەتی شوفێری لە جیاتی کارتی وونبووەکە.

٢- پێدانی بڕی پارەی کە لە بڕگەی (٦)ی ماددەی (شەشەم) دیاریکراو.

**ماددەی (٩): فۆرمی مۆڵەتی شوفێری:**

فۆرمی تایبەت بە داواکاری مۆڵەتی شوفێری و نوێ کردنەوە و گۆڕینی جۆری مۆڵەت لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ ڕێك دەخرێت کە لە پاشکۆی ژمارە (٢و٣و٤)ی ئەم ڕێنماییە دیاریکراوە و لە گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ کاری پێ دەکرێت.

**ماددەی (١٠):**

١- هاوڵاتیانی سنووری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە دانیشتووی هەرێمی کوردستانن بەپێی پشتگیری موختار و قائیمقامیەت مۆڵەتی شوفێریان پێ دەدرێت بەپێی ئەو میکانیزمانەی کە لەم ڕێنماییەدا هاتووە.

٢- ئاوارەکانی دانیشتووی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان دەتوانن داوای مۆڵەتی شوفێری بکەن بە مەرجێك پەسەندێك لە بەرێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەران و بەرێوەبردنی قەیرانەکان لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆی تایبەمەند پێشکەش بکەن کە بیسەلمێنێت ئاوارەیە و لە یەکێك لە کەمپەکان یان دەرەوەی کەمپەکان نیشتەجێیە و هەموو جۆرە مۆڵەتیان پێ دەدرێت بەپێی ئەم رێنمایییە.

**ماددەی (١١):**

١- ئەو مۆڵەتە شوفێریانەی کە ئێستا بەرکارن ، کاریان پێ دەکرێت تا تەواو بوونی ماوەی مۆڵەتی شوفێری.

٢- هەڵگری مۆڵەتی شوفێری لە جۆری (مۆڵەتی شوفێری تایبەت) مۆڵەتی جۆری (B) پێ دەدرێت.

٣- هەڵگری مۆڵەتی شوفێری لە جۆری (مۆڵەتی شوفێری گشتی) مۆڵەتی جۆری (B) لەگەڵ (C1) و (D1) پێ دەدرێت و بەپێی داواکارییەک دەتوانێت داوای جۆری سەرووتری یەکێك لە وانە بکات بە مەرجێك بیسەلمێنێت کە ئەو جۆرە مۆڵەتەی بە کار هێناوە وپێویستی پێیەتی لەبەر تایبەتمەندی ئۆتۆمبێلەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- ئۆتۆمبێل لەسەر ناوی داواکار تۆمار کرابێت.

ب- شوفێری ئۆتۆمبێل بێت بە مەرجێك گرێبەستی کارکردنی پەسەندکراوی هەبێت لە فەرمانگەی کاری تایبەتمەند و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرابێت.

ج- ئەو مۆڵەتە بەدەر دەکرێت لە برگەی (٢)ی سەرەوە ، ئەگەر خاوەن ئۆتۆمبێل شوفێر بێت بەم شێوەیە (دایك، باب، کور، کچ، هاوسەر).

٤- مۆڵەتی شوفێریی جۆری تاکسی دەردەکرێت بۆ یەکەم جار یان نوێ دەکرێتەوە و دەستەواژەی (TAXI) لەسەر پشتی کارتی مۆڵەت دەنووسرێت لە شوێنی تێبینیەکان وەک ئاماژەیەک بۆ مافی خاوەنەکەی بۆ کارکردن وەک شوفێری تاکسی.

٥- دەرکردنی مۆلەتی شوفێری بە سیستەمی ئێستای (مۆڵەتی تایبەتی ومۆڵەتی گشتی) لەو بەرێوەبەرایەتییانەی هاتووچۆ بەردەوام دەبێت تا کاتی بەستنەوەیان بە سیستەمی نوێی هاتووچۆ.

٦- ئەگەر هاوڵاتییەك ئارەزووی هەبوو بە دەرکردنی مۆڵەتی شوفێریی نوێ پێش تەواوبوونی ماوەی مۆڵەتی شوفێری کۆن، پێویستە ئەو برە پارەیەی کە لە برگەی (٨) لە ماددەی (٦) دیاری کراوە بدات.

**ماددەی (١٢):** تاقیکردنەوەی پراکتیکی (ترای) بۆ مۆڵەتی جۆری (DE) و (CE) تەنها لە سەنتەری پارێزگاکان ئەنجام دەدرێت.


**ماددەی (١٣):**

١- کار بە هیچ رێنمایی و بەیان و فەرمان و نووسراوێك ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم رێنمایییە.

٢- ئەم رێنمایییە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**رێبەر احمد**
**وەزیری ناوخۆ**

**پاشکۆی ژمارە (١)**






**پاشکۆی ژمارە (٢)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **وەزارەتی ناوخۆ**<br>**بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ**<br>**بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی:** | | ژمارەی مۆڵەت: | |
| **(فۆرمی داواکاری مۆڵەتی شۆفێری)** | | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **ژ.کۆد** | | **ڕێکەوت** | | ٢٠ / / / | وێنەی داواکاری مۆڵەت ٣×٤سم |
| ناو | | ڕەگەز | نێر ☐ مێ ☐ | ڕەگەزنامە | |
| ژمارەی ناسنامەی باری شارستانی یان کارتی نیشتیمانی | ژمارەی تۆمار (سجل) | ژمارەی لاپەڕە (الصحيفة) | پارێزگا (محافظة) | ژمارەی کارتی نشینگە ئەگەر داواکار کەسی بیانی بێت | |
| | | | | | |
| ناونیشان | | | ژمارەی ڕەگەز نامە | | |
| ڕێکەوتی لە دایک بوون | | پیشە | | ژمارەی مۆبایل | |
| ژمارەی کارتی زانیاری | | | | جۆری خوێن | |
| جۆری مۆڵەت | A1 ☐ | B ☐ | | T ☐ | |
| واژووی داواکار مۆڵەت<br>٢٠ / / | | | ناو و واژووی ئەفسەر مۆڵەت | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| **ڕاپۆرتی پزیشکی** | | | |
| ژمارە | | ڕێکەوت | ٢٠ / / |
| ڕادەی بینینی چاوی ڕاست | | ڕادەی بینینی چاوی چەپ | |
| تواناى جەستەیی | شیاوە ☐ | | نەشیاوە ☐ |
| باری دەروونی | شیاوە ☐ | | نەشیاوە ☐ |
| ڕادەی بیستن | شیاوە ☐ | | نەشیاوە ☐ |
| پلەی کەم ئەندامی | | | |
| دەرەنجام | | | |
| سکرتێری لیژنە | ئەندام | ئەندام | سەرۆکی لیژنە |
| | | | |

## پاشکۆی ژمارە (٣)

| | | | |
|---|---|---|---|
| **وەزارەتی ناوخۆ**<br>**بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ**<br>**بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی:** | | ژمارەی مۆڵەت: | |

**(فۆرمی گۆڕینی مۆڵەتی شوفێری)**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **ژ.کۆد** | | **ڕێکەوت** | ٢٠ / / / | | وێنەی داواکاری مۆڵەت ٣×٤سم |
| ناو | | ڕەگەز | نێر ☐ مێ ☐ | ڕەگەزنامە | |
| ژمارەی ناسنامەی باری شارستانی یان کارتی نیشتیمانی | ژمارەی تۆمار (سجل) | ژمارەی لاپەڕە (الصحيفة) | پارێزگا (محافظة) | ژمارەی کارتی نشینگە ئەگەر داواکار کەسی بیانی بێت | |
| | | | | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناونیشان | | | ژمارەی ڕەگەزنامە | | |
| ڕێکەوتی لە دایک بوون | | پیشە | | ژمارەی مۆبایل | |
| ژمارەی کارتی زانیاری | | | جۆری خوێن | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆری مۆڵەت | A ☐ | A1 ☐ | B ☐ | BE ☐ | C1 ☐ | C1E ☐ | C ☐ |
| | CE ☐ | D1 ☐ | D1E ☐ | D ☐ | | DE ☐ | T ☐ |
| جۆری مۆڵەتی داواکراو | A ☐ | A1 ☐ | B ☐ | BE ☐ | C1 ☐ | C1E ☐ | C ☐ |
| | CE ☐ | D1 ☐ | D1E ☐ | D ☐ | | DE ☐ | T ☐ |

واژووی داواکار مۆڵەت                                        ناو و واژووی ئەفسەر مۆڵەت

٢٠ / /

**ڕاپۆرتی پزیشکی**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ژمارە | | ڕێکەوت | ٢٠ / / |
| ڕادەی بینینی چاوی ڕاست | | ڕادەی بینینی چاوی چەپ | |
| توانای جەستەیی | ☐ شیاوە | | ☐ نەشیاوە |
| باری دەروونی | ☐ شیاوە | | ☐ نەشیاوە |
| ڕادەی بیستن | ☐ شیاوە | | ☐ نەشیاوە |
| پلەی کەم ئەندامی | | | |
| دەرەنجام | | | |
| سکرتێری لیژنە | ئەندام | ئەندام | سەرۆکی لیژنە |
| | | | |

| تاقیکردنەوەی هێماکان و میکانیک | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | ژمارە | ڕێکەوت | کات | ئەنجام | واژووی ئەفسەری تیوری |
| ١ | | / / ٢٠ | | | |
| ٢ | | / / ٢٠ | | | |
| ٣ | | / / ٢٠ | | | |
| ٤ | | / / ٢٠ | | | |
| ٥ | | / / ٢٠ | | | |
| ٦ | | / / ٢٠ | | | |

ئەندام ئەندام سەرۆکی لیژنە

| تاقیکردنەوەی ژمارە (8) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | ژمارە | ڕێکەوت | کات | ئەنجام | واژووی ئەفسەری تاقیکردنەوە |
| ١ | | / / ٢٠ | | | |
| ٢ | | / / ٢٠ | | | |
| ٣ | | / / ٢٠ | | | |
| ٤ | | / / ٢٠ | | | |
| ٥ | | / / ٢٠ | | | |
| ٦ | | / / ٢٠ | | | |

ئەندام ئەندام سەرۆکی لیژنە

| تاقیکردنەوەی پیتی (L) یان سەر شەقام | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | ژمارە | ڕێکەوت | کات | ئەنجام | واژووی ئەفسەری تاقیکردنەوە |
| ١ | | / / ٢٠ | | | |
| ٢ | | / / ٢٠ | | | |
| ٣ | | / / ٢٠ | | | |
| ٤ | | / / ٢٠ | | | |
| ٥ | | / / ٢٠ | | | |
| ٦ | | / / ٢٠ | | | |

ئەندام ئەندام سەرۆکی لیژنە

## پاشکۆی ژمارە (٤)

| | | | |
|---|---|---|---|
| **وەزارەتی ناوخۆ**<br>**بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ**<br>**بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی:** | | ژمارەی مۆڵەت: | |
| **(فۆرمی نوێ کردنەوەی مۆڵەتی شوفێری)** | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **ژ.کۆد** | | **ڕێکەوت** | | / / / ٢٠ | | وێنەی داواکاری مۆڵەت ٤×٣سم |
| ناو | | ڕەگەز | نێر ☐ مێ ☐ | ڕەگەزنامە | | |
| ژمارەی ناسنامەی باری شارستانی یان کارتی نیشتیمانی | ژمارەی تۆمار (سجل) | ژمارەی لاپەڕە (الصحيفة) | پارێزگا (محافظة) | ژمارەی کارتی نشینگە ئەگەر داواکار کەسی بیانی بێت | | |
| | | | | | | |
| ناونیشان | | ژمارەی ڕەگەزنامە | | | | |
| ڕێکەوتی لە دایک بوون | | پیشە | | ژمارەی مۆبایل | | |
| ژمارەی کارتی زانیاری | | جۆری خوێن | | | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆری مۆڵەت | A ☐ | A1 ☐ | B ☐ | BE ☐ | C1 ☐ | C1E ☐ | C ☐ |
| | CE ☐ | D1 ☐ | D1E ☐ | D ☐ | DE ☐ | T ☐ | |

واژووی داواکار مۆڵەت　　　　　　　　　　ناو و واژووی ئەفسەر مۆڵەت

/ / ٢٠

| | | | |
|---|---|---|---|
| **ڕاپۆرتی پزیشکی** | | | |
| ژمارە | | ڕێکەوت | / / ٢٠ |
| ڕادەی بینینی چاوی ڕاست | | ڕادەی بینینی چاوی چەپ | |
| توانای جەستەیی | ☐ شیاوە | | ☐ نەشیاوە |
| باری دەروونی | ☐ شیاوە | | ☐ نەشیاوە |
| ڕادەی بیستن | ☐ شیاوە | | ☐ نەشیاوە |
| پلەی کەم ئەندامی | | | |
| دەرەنجام | | | |
| سکرتێری لیژنە | ئەندام | ئەندام | سەرۆکی لیژنە |
| | | | |

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٥٥٤٠ لە٢٠٢٢/٧/٢١**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتانەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی (١٩) لە یاسای کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢١، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە بە مەبەستی ئاسان جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە:

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنمایی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی یاسای کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان**

**لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی (١): مولەتی چەکی کۆمپانیای ئەمنی**

موڵەتی هەڵگرتنی چەك دەدرێت بە کارمەندی کۆمپانیای ئەمنی بەم مەرجانەی خوارەوە:

**یەکەم:** پێویستە کارمەندی کۆمپانیای ئەمنی بە شێوەیەکی فەرمی دامەزرابێت و دامەزراندنەکەی لە وەزارەتی ناوخۆ پەسەند کرا بێت.

**دووەم:** مۆڵەتی هەڵگرتنی چەك تەنها دەدرێت بە کارمەندی کۆمپانیای ئەمنی کە کاری ئەمنی دەکات بەپێی یاسای چەك ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ و نادرێت بە بەرێوەبەر و ستافی کارگێری کۆمپانیای ئەمنی.

**سێیەم:** پێویستە ئەو چەکەی کە مۆڵەتی پێ دەدرێت تەنها لە کاتی ئەرکی فەرمی کارمەندی کۆمپانیای ئەمنی بەکار بهێنرێت و هەڵگرتن و بەکارهێنانی چەك لە دەرەوەی ئەرکی پاسەوانی بەبێ مۆڵەت ئەژمار دەکرێت و بەپێی یاسای چەکی بەرکار ڕێکاری یاسایی بەرامبەر وەردەگیرێت .

**چوارەم:** نابێت کارمەندی کۆمپانیای ئەمنی چەکی پاسەوانی مۆڵەت پێدراو بباتە دەرەوەی کۆمپانیا لە دەرەوەی سنوری ئەرکەکەی.

**پێنجەم:** دیزاینی ناسنامەی مۆڵەتی چەك لە پاشکۆی ژمارە (١)ی ئەم ڕێنماییە دیاری کراوە.

**ماددەی (٢):** پێویستە کارمەندی کۆمپانیای ئەمنی ئەم مەرجانەی خوارەوە تێدا هەبێت بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی چەك:

١- کارمەندی کۆمپانیای ئەمنی تەمەنی لە (٢١) ساڵی کەمتر و لە (٥٠) ساڵ زیاتر نەبێت.

٢- سزا نەدرابێت بە تاوانێك یان کەتنێکی ئابرووبەر (مخله بالشرف) بە پشتگیری بەرێوەبەرایەتی بەڵگەکانی تاوان.

٣- کەم ئەندام یان نەخۆشی دەروونی نەبێت یان کیشە لە چاوەکانی نەبێت بە شێوەیەك کە نەتوانێت چەك بەکار بهێنێت بە پشتگیری ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی.

٤- پڕکردنەوەی فۆرمێکی مۆڵەتی چەك تایبەت بە زانیاری کارمەندی کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان بەپێی فۆرمی پاشکۆی ژمارە (٢)ی ئەم ڕێنماییە.

٥- دیزاینی ناسنامەی کارمەندی کۆمپانیا ئەمنییەکان لە پاشکۆی ژمارە (٤)ی ئەم ڕێنماییە دیاری کراوە.

٦- پێدانی رسوماتی تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی چەك بەپێی خشتەی پاشکۆی یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢.

**ماددەی (٣):**

کۆمپانیای ئەمنییە تایبەتەکان بۆ کارمەندەکانیان تەنها دەتوانن ئەم جۆرە چەکانە دابین بکەن:

١- چەکی ئاگرین (دەمانچە) قەبارەی فیشەکەکانی لە (٩ ملم) زیاتر نەبێت.

٢- چەکی ئاگرین قەبارەی فیشەکەکانی لە (٧.٦٢×٣٩م) زیاتر نەبێت.

٣- قەدەغەیە لەسەر کۆمپانیای ئەمنی چەکی ئاگرینی بێ دەنگ (کاتم) و چەکی ئاگرین لە جۆری (قەناس) بەکار بهێنێت.

**ماددەی (٤): جل و بەرگی کارمەندی کۆمپانیای ئەمنی**

**یەکەم:** پێویستە کۆمپانیا ئەمنییەکان جل و بەرگی تایبەت دابین بکات بۆ کارمەندەکانی بەم شێوازەی خوارەوە:

١- کراسی ڕەساسی.

٢- پانتوڵی ڕەش.

٣- پێلاوی قەیتان ڕەش.

٤- قەمسەلەی ڕەش.

٥- جوعبەی ڕەش.

٦- پشتوێن (نیتاق)ی ڕەش بە بێ ئارم.

٧- کاسکێتی ڕەش .

**دووەم:**

١- پێویستە ناوی سیانی کارمەندی کۆمپانیای ئەمنی بە ڕەنگی سپی بدورێت لەسەر تەختەیەکی ڕەش بە قەبارەی (٤×٢ سم) لە لایی ڕاستی سەرەوەی کراس .

٢- پێویستە کۆدی تایبەتی کارمەندی کۆمپانیای ئەمنی بە زمانی ئینگلیزی لە ناو تەختەی بڕگەی (١)ی سەرەوە بچەسپێنرێت لە ناوەراستی سەرەوەی تەختەکە.

٣- پێویستە لۆگوی کۆمپانیای ئەمنی لەسەر تەختەیەکی بازنەیی ڕەش کە تیرەی (٣)سم بێت ولۆگۆی کۆمپانیا بە رەنگی سپی دادەنرێت لە ناو بازنەکە.

٤- هەمان لۆگۆی بڕگەی (٢)ی سەرەوە لەسەر قۆڵی ڕاست و چەپی کراس دەچەسپێنرێت.

٥- کاسکێتێکی ڕەش کە لۆگۆی کۆمپانیا بە تەختەیەکی بازنەیی سپی و تیرەی (٢)سم بێت و بە ڕەنگی ڕەش لۆگۆ و ناوی کۆمپانیا لەسەر چەسپێنرابێت .

٦- هەمان لۆگۆی بڕگەی (٢)ی سەرەوە لەسەر قولی راست و چەپی قەمسەڵە دەچەسپێندرێت.

**ئۆتۆمبێلی قەڵغان و سوفت (ئاسایی) کۆمپانیای ئەمنی تایبەت**

**ماددەی (٥):**کۆمپانیای ئەمنی بۆی هەیە ئۆتۆمبێلی قەڵغان (درع) بەکار بهێنێت بەم مەرجانەی خوارەوە:

**یەکەم:** پێویستە ئۆتۆمبێلی قەڵغان بە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ و بە شێوەیەکی یاسایی هاوردەی هەرێمی کوردستان کرابێت یان لە یەکێك لە کارگە مۆڵەت پێدراوەکان لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ کرابێت بە قەڵغان.

**دووەم:** پێویستە ئۆتۆمبێلی قەڵغان تەنها بۆ کاروباری تایبەت بە کۆمپانیای ئەمنی بەکاربێت.

**سێیەم:** لۆگۆی کۆمپانیا بە تیری (٣٥ سم) لە هەر دوو دەرگای پێشەوە و ناوەراستی بۆنیدی ئۆتۆمبێل دەچەسپێندرێت و ئەم برگەیە ئۆتۆمبێلی سوفت و ئۆتۆمبێلی قەڵغانی کۆمپانیا دەگرێتەوە.

**چوارەم:** نابێت ئامێری ئاگادارکردنەوە (فراره) یان گلۆپی فلاشی ڕەنگاوەرەنگ بەکاربهێنرێت لەسەر گشت ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیای ئەمنی .

**پێنجەم:** نابێت ئامێری بڕینی سیگناڵ (Gammer) لەسەر گشت ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیای ئەمنی بەکاربهێنرێت.

**شەشەم:** پێویستە گشت ئۆتۆمبێلە قەڵغانەکانی کۆمپانیای ئەمنی باجی ڕێگەپێدانی ئۆتۆمبێلی قەڵغان هەبێت کە لە لایەن بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان ڕێك دەخرێت.

**حەوتەم:** پێویستە شوفێری ئۆتۆمبێلە قەڵغانەکانی کۆمپانیای ئەمنی باجی ڕێگەپێدانی هەبێت کە لە لایەن بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان ڕێك دەخرێت.

**هەشتەم:** پڕکردنەوەی فۆرمی زانیاری شوفێر و ئۆتۆمبێلی قەڵغانی کۆمپانیای ئەمنییە تایبەتەکان بەپێی فۆرمی پاشکۆی ژمارە (٣)ی ئەم ڕێنماییە.

**نۆیەم:** خاوەنداریەتی ئۆتۆمبێلی قەڵغان ناگوازرێتەوە تا ماوەی (٣) ساڵ لە یەکەم تۆمارکردنی لەسەر ناوی کۆمپانیا.

**ماددەی (٦): دامەزراندنی کارمەندی کۆمپانیای ئەمنی**

**یەکەم:** پێش دامەزراندنی کارمەندی کۆمپانیای ئەمنی پێویستە ئەم ڕێکارانەی خوارەوە بگرێتەبەر:

١- جێبەجێ کردنی مەرجەکانی ماددەی (٩) لە یاسای کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠٢١.

٢-پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەت بە کارمەندی کۆمپانیای ئەمنی .

٣- بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان ناوی ئەو کارمەندەی کە داوای دامەزراندنی بۆی کراوە رەوانەی سیستەمی بایۆمەتری دەکات بە مەبەستی دڵنیابوون لەوەی کە فەرمانبەری شارستانی یان سەربازی حکومەت نەبێت بە شێوەی هەمیشەیی یان گرێبەست.

٤- کارمەندی کۆمپانیای ئەمنی پێویستە بەڵێننامە پربکاتەوە کە فەرمانبەری شارستانی یان سەربازی حکومەت نیە بە شێوەی هەمیشەیی یان گرێبەست و لە فەرمانگەی یاسایی وەزارەتی ناوخۆ پەسەندی بکات.

٥- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی نشینگە (اقامه) ئەگەر کارمەندی کۆمپانیای ئەمنی کەسی بیانی بێت.

**دووەم:** ناسنامەیەکی تایبەت دوای دامەزراندنی کارمەندی کۆمپانیا بە کارمەندی کۆمپانیا دەدرێت.

**ماددەی (٧): چاودێری کردن و پشکنینی کۆمپانیا ئەمنییەکان**

**١-** لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لیژنەیەکی بەدواداچوون و پشکنین پێك دێت بە سەرۆکایەتی ئەفسەرێك کە پلەی لە (رائد) کەمتر نەبێت لە بەرێوەبەرایەتی کاروباری ناوخۆ و ئەفسەرێك لە بەرێوەبەرایەتی پۆلیس و ئەفسەرێك لە بەرێوەبەرایەتی ئاسایش بۆ پشکنین و بەدواداچوونی کار وچالاکییەکانی کۆمپانیا ئەمنییەکان، و هەر (٦)مانگ جارێك سەرۆك وئەندامانی لیژنە دەگۆڕدرێت

٢- پێویستە لەسەر ئەم لیژنەیە بە بەردەوامی سەردانی کۆمپانیا ئەمنییەکان بکات و ئەو شوێنانەی کە گرێبەستەکەیان لێی جێبەجێ دەکات.

٣- لە کاتی بینینی هەر پێشێلکارییەك لە لایەن کۆمپانیایەکی ئەمنی ، لیژنەی پشکنین ڕاپۆرت بەرز دەکاتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بە مەبەستی بڕیاردان لە سەر ئەو پێشێلکارییە.

٤- پێویستە ئەم لیژنەیە مانگانە ڕاپۆرتی تایبەت بە بەدواداچوون و پشکنین بۆ کاری کۆمپانیا ئەمنییەکان لە سنوری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان ئامادە بکات و لە ڕێگای کاروباری ناوخۆی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان ڕەوانەی وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان بکات.

**ماددەی (٨): ئەحکامە داراییەکان**

**یەکەم: رسومات:**

ئەو بڕە رسومات و پێبژاردن و بارمتانەی کە لە یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢١ و ئەم ڕێنماییە دیاری کراون دەخرێنە سەر ئەژمێرەکانی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان لە وەزارەتی ناوخۆ .

**دووەم: پێبژاردن:**

١- لە کاتی سەرپێچی کردنی دەقەکانی ئەم ڕێنماییە بە بڕی (٣,٠٠٠,٠٠٠ تا ٢٠,٠٠٠,٠٠٠) سێ تا بیست ملیۆن دینار پێبژاردنیان پێ دەدرێت بۆ هەر حالەتێك.

٢- لە کاتی دووبارە بوونەوەی سەرپێچی کردنی کۆمپانیای ئەمنی لە یەك ساڵدا ئەوا بارەگای کۆمپانیا بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ دادەخرێت و بڕی (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پانزدە ملیۆن دینار پێبژاردنیان پێ دەدرێت.

٣- لە کاتی هەبوونی سەرپێچی کردنی کۆمپانیای ئەمنی سێ جار و زیاتر لە یەك ساڵدا ئەوا بارەگای کۆمپانیا بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ دادەخرێت و بڕی (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) بیست ملیۆن دینار پێبژاردنیان پێ دەدرێت بۆ هەر ساڵێك.

٤- ئەو بڕە پێبژاردانەی کە لەم ڕێنماییە دیاری کراون ڕێگرنابن لە بەردەم وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی تر بەپێی یاسای سزایی و شارستانیە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان.

٥- هەر کۆمپانیایەکی ئەمنی ئامێری ئاگادارکردنەوە(فرارە) یان گلۆپی فلاشی ڕەنگاورەنگ بەکاربهێنێت بە بڕی (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینار پێبژاردنی پێ دەدرێت .

**ماددەی (٩): ئەحکامە کۆتاییەکان**

١- هەر کۆمپانیایەکی ئەمنی دۆسیەی تایبەتی بۆ ڕێك دەخرێت کە گشت بەڵگەنامەکانی دامەزراندن و ستاف و مۆڵەتی چەکی کۆمپانیا و گشت بەڵگەنامەکانی تر لە خۆ دەگرێت.

٢- ئەو دۆسیەی بڕگەی (١)ی سەرەوە لە داتابەیسێکی ئەلیکترۆنی دادەنرێت لەگەڵ هەڵگرتنی دۆسیەی ڕەسەنی کۆمپانیا لە ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان.

**ماددەی (١٠):**

هەر بەڵێننامە و دەستەبەرەیەکی کەسی کە بەپێی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢١ دیاری کراوە لە فەرمانگەی یاسایی وەزارەتی ناوخۆ پەسەند دەکرێت.

**ماددەی (١١):**

بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا ڕێك دەخرێت بەپێی کلێشەی پاشکۆی ژمارە (٥)ی ئەم ڕێنماییە .

**ماددەی (١٢):**

١- بە مەبەستی جێبەجێ کردنی بڕگەی (یەکەم/٥ و ١١) لە ماددەی (٩)ی یاسای کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢١ ، و بڕگەی (یەکەم/٦) لە ماددەی (٥)ی یاسای چەك ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ ، وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ کەرتی تایبەت بە شێوازی ( P.P.P هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت) مۆڵەت دەدات بە دامەزراندنی سەنتەری مەشق و شیاندن و ڕاهێنان لەسەر بەکارهێنانی چەك، و تایبەتمەندییەکانی ئەم سەنتەرانە بە بەیانێك ڕێك دەخرێت.

٢- پێویستە گشت کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان کارمەندانی خۆیان ساڵانە لەو شوێنانەی بڕگەی (١)ی سەرەوە مەشق و ڕاهێنان لەسەر چەکیان پێ بکەن.

٣- مەشق و ڕاهێنان لەو شوێنانەی بڕگەی (١)ی سەرەوە لە ژێر سەرپەرشتی وەزارەتی ناوخۆ دەبێت.

٤- وەزارەتی ناوخۆ ساڵانە مۆڵەتی کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان نوێ ناکاتەوە ئەگەر کارمەندەکانیان مەشق و ڕاهێنانیان لەسەر چەك ئەنجام نەدابێت.

**ماددەی (١٣):**

پێویستە گشت کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان کە پێش دەرچوونی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢١ وئەم ڕێنماییە تۆمارکراون لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژدا خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ڕێکارەکانی یاسا و ئەم ڕێنماییە، بە پێچەوانەوە مۆڵەتەکەی لێ وەردەگیرێتەوە.

**ماددەی (١٤):**

١- کار بە هیچ ڕێنمایی و بەیان و نوسراوێك ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە.

٢- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر احمد**
**وەزیری ناوخۆ**

**پاشکۆی ژمارە (١)**






**پاشکۆی ژمارە (٢)**

وێنەی نوێی کارمەند پشتی سپی بێت لەگەڵ مۆری کۆمپانیا

وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیائەمنیەکان
(فۆرمی زانیاری کارمەندانی کۆمپانیا ئەمنیە تایبەتەکان)

| ناوی کۆمپانیا بەکوردی | ناوی کۆمپانیا بە ئینگلیزی |
|---|---|
| | |

زانیاری کەسی

| ناوی تەواو | ناو بە ئینگلیزی بنوسری | جۆری خوێن | ڕەگەز | رەگەزنامە | باری کۆمەڵایەتی | شوێنی لە دایک بوون |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

| بەرواری لەدایک بوون | جۆری کار لە کۆمپانیا | پیشەی پێشتر | ئەو کۆمپانیایەی پێشتر کاری لێکردووە | ناوی تەواوی دایک |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

زانیاری نیشتەجێ بوونی کارمەند

| پارێزگا | قەزا | ناحیە | ناوی گەڕەک | ناوی کۆڵان | ژمارەی خانوو | ژمارەی مۆبایل |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

زانیاری بەڵگەنامەکان
هاوپێچ کردنی وێنەیەکی کەسی لەگەڵ وێنەیەک لە (١- بەڵێننامەی کارمەند ٢- ناسنامەی باری شارستانی ٣- بروانامەی ڕەگەزنامەی عێراقی) تایبەت بەکارمەندانی خۆماڵی (وێنەیەکی رەنگاورەنگی پاسپۆرت و ناسنامەی ئیقامەی تایبەت بە بیانی ) تایبەت بە کارمەندانی بیانی پێویستە هەمان بەڵگەنامە لەسەر (CD) هاوپێچ بکرێت

| ژمارەی ناسنامەی باری شارستانی | ژمارەی تۆمار | ژمارەی لاپەرە | ئەو فەرمانگەیەی لێی دەرچووە |
|---|---|---|---|
| | | | |
| ژمارەی رەگەزنامە | ژمارەی بەرگ | بەرواری دەرچوونی رەگەزنامە | ئەو فەرمانگەیەی لێی دەرچووە |
| | | | |
| ژمارەی پاسپۆرت | شوێنی دەرچوون | بەرواری دەرچوونی پاسپۆرت | بەرواری بەسەرچوونی پاسپۆرت |
| | | | |
| ژمارەی کارتی زانیاری | بەرواری دەرچوون | شوێنی دەرچوون | |
| | | | |

زانیاری چەک

| جۆی چەک بە کوردی | جۆی چەک بە ئینگلزی | ژمارەی چەک |
|---|---|---|
| | | |

زانیاری ئەم خشتەی لای خوارەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنیەکان پڕدەکرێتەوە

| زنجیرە | ژمارەی ناسنامە | بەرواری دەرچوونی ناسنامە | بەرواری بەسەر چوونی ناسنامە | بەرواری دەر چوونی ناسنامەی چەک | بەرواری بەسەر چوونی ناسنامەی چەک |
|---|---|---|---|---|---|

١- لەکاتی نەبوونی هەریەکێک لەبەڵگەنامەکان دەبێتە هۆی پشتگوێ خستنی فۆرمەکە و ناسنامە نادرێتە کارمەندەکە
٢- هەر فۆرمێک لەلایەن بەرێوەبەری کۆمپانیاوە واژوو نەکرابێت ومۆری کۆمپانیای لەسەر نەبێت لامان تۆمار ناکرێت
-بەڵێن دەدەم کە گشت ئەم زانیاریانەی پێشکەشم کردووە لەم فۆرمەدا دروستە و بەپێچەوانەوە بەرپرسیارم بەرامبەر بە یاسا

مۆری وەزارەت

پەسەندی دەکەم

بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیا

بەرێوەبەری کۆمپانیا ئەمنیەکان

مۆری کۆمپانیا

پەسەندی دەکەم

بەرێوەبەری گشتی دیوان

| زانیاری دەربارەی کۆمپانیا | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی کۆمپانیا بەکوردی | | ناوی خاوەنی ژمارەی مۆبایل | |
| ناوی کۆمپانیا ئینگلیزی | | ژمارەی تەلەفۆنی نۆرماڵ | |
| ڕەگەزنامەی بیانی یان خۆماڵی | | بڕی دەمانچە | |
| ناوی تەواوی خاوەنی کۆمپانیا | | بڕی تفەنگ | |
| پارێزگا | | ژمارەی ئەو گرێبەستانەی ئەنجامی داوە | |
| گەڕەک | | ژمارەی ئامێری سورەیا | |
| کۆڵان | | ژمارەی ئامێری GPS | |
| ژمارەی خانوو | | ژمارەی ئامێری VHS | |
| ژمارەی مۆبایل | | ئەو (فریکوەنس)یەی کاری لەسەر دەکەن | |
| E-mail | | | |

١- لەکاتی گۆرانکاری لە هەر یەکێک لەو زانیاریانەی لای سەرەوە پێویستە بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنیەکان ئاگادار بکرێتەوە .
٢-لەکاتی کەم و زیادکردنی چەک و ئامێرەکانی لای سەرەوە پێویستە بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنیەکان ئاگادار بکرێتەوە.
٣-لەکاتی بەدی کردنی هەر نادروستیەک یان ئاگادارنەکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان لەهەر زانیاریەک ڕێوشوێنی یاسایی دەگیرێتەبەر .

ناوی بەڕێوەبەری ڕێپێدراو :　　　　واژووی بەڕێوەبەری کۆمپانیا

ژمارەی مۆبایل :　　　　E-mail :

| زانیاری دەربارەی ئەو چەکانەی کە کۆمپانیا هەیەتی | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ز | جۆری چەک | ژمارەی چەک | ز | جۆری چەک | ژمارەی چەک |
| | | | | | |

١- پێویستە جۆری چەک بەتەواوەتی دەستنیشان بکرێت نەک تەنها بنوسرێت دەمانچە کلاشنکۆف
٢- لەکاتی بونی زیاتر لە لیستێک پێویستە سەرجەم لیستەکان مۆری کۆمپانیا وناو و واژووی خاوەن کۆمپانیای پێوەبێت

مۆری کۆمپانیا　　　　واژووی بەڕێوەبەری کۆمپانیا

| زانیاری دەربارەی ئەو ئامێری (GPS)نەی کە کۆمپانیا هەیەتی | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ز | جۆری ئامێری (GPS) | ژمارەکەی | ز | جۆری ئامێری (GPS) | ژمارەکەی |
| | | | | | |

* لەکاتی بونی زیاتر لە لیستێک پێویستە سەرجەم لیستەکان مۆری کۆمپانیا وناو و واژووی خاوەن کۆمپانیای پێوەبێت

مۆری کۆمپانیا　　　　واژووی بەڕێوەبەری کۆمپانیا

| زانیاری دەربارەی ئەو ئامێری پەیوەندی سورەیا کە کۆمپانیا هەیەتی | | | |
|---|---|---|---|
| ز | ژمارەی ئامێری | ز | ژمارەی ئامێری |
| | | | |

* لەکاتی بونی زیاتر لە لیستێک پێویستە سەرجەم لیستەکان مۆری کۆمپانیا وناو و واژووی خاوەن کۆمپانیای پێوەبێت

مۆری کۆمپانیا　　　　واژووی بەڕێوەبەری کۆمپانیا

| زانیاری دەربارەی ئەو ئامێرکانی (VHS) لەگەڵ (frequency)ی کە کۆمپانیا هەیەتی | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ز | ژمارەی(VHS) | ژمارەی(frequency) | ز | ژمارەی(VHS) | ژمارەی(frequency) |
| | | | | | |

* لەکاتی بونی زیاتر لە لیستێک پێویستە سەرجەم لیستەکان مۆری کۆمپانیا وناو و واژووی خاوەن کۆمپانیای پێوەبێت

مۆری کۆمپانیا　　　　واژووی بەڕێوەبەری کۆمپانیا

**پاشکۆی ژمارە (٣)**

| |
|---|
| وێنەی نوێی شوفێر پشتی سپی بێت لەگەڵ مۆری کۆمپانیا |

وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیائەمنیەکان
(فۆرمی زانیاری شوفێر و ئۆتۆمبێلی قەڵغان)

زانیاری شوفێر

| ناوی تەواو | | | | ناوی کۆمپانیا | جۆری خوێن | ڕەگەز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

| ڕەگەزنامە | باری کۆمەڵایەتی | شوێنی لە دایک بوون | بەرواری لەدایک بوون | ناوی تەواوی دایک |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

زانیاری نیشتەجێ بوون

| پارێزگا | قەزا | ناحیە | ناوی گەڕەک | ناوی کۆڵان | ژمارەی خانوو | ژمارەی مۆبایل |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

زانیاری بەڵگەنامەکان

هاوپێچ کردنی وێنەیەک لە (١- مۆڵەتی شوفێری ٢- بەڵێننامەی کارمەند ٣- ناسنامەی باری شارستانی ٤- ڕەگەزنامەی عێراقی ٤- یان کارتی نیشتمانی) تایبەت بەشوفێر.
(وێنەیەکی رەنگاورەنگی پاسپۆرت و ناسنامەی ئیقامەی تایبەت بە بیانی ) تایبەت بە کارمەندانی بیانی پێویستە هەمان بەڵگەنامانە لەسەر (CD) هاوپێچ بکرێت.

| ژ- ناسنامەی باری شارستانی | ژمارەی تۆمار | ژمارەی لاپەرە | ئەو فەرمانگەیەی لێی دەرچووە |
|---|---|---|---|
| | | | |
| ژمارەی ڕەگەزنامە | ژمارەی بەرگ | بەرواری دەرچوونی ڕەگەزنامە | ئەو فەرمانگەیەی لێی دەرچووە |
| | | | |
| ژمارەی مۆڵەتی شوفێری | شوێنی دەرچوونی مۆڵەت | بەرواری دەرچوونی مۆڵەت | بەرواری بەسەرچوونی مۆڵەت |
| | | | |
| ژمارەی کارتی زانیاری | بەرواری دەرچوونی کارت | شوێنی دەرچوونی کارت | |
| | | | |
| ژمارەی کارتی نیشتیمانی | ژمارەی خێزانی | بەرواری دەرچوونی کارت | شوێنی دەرچوونی کارت |
| | | | |

زانیاری ئۆتۆمبێل

| جۆری ئۆتۆمبێل | مۆدیلی ئۆتۆمبێل | ژمارەی ئۆتۆمبێل | پارێزگا | ڕەنگ | بەرواری بەسەر چوونی |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

١- لەکاتی نەبوونی هەریەکێک لەبەڵگەنامەکان دەبێتە هۆی پشتگوێ خستنی فۆرمەکە و ناسنامە نادرێتە شوفێر.
٢- هەر فۆرمێک لەلایەن بەڕێوەبەری کۆمپانیاوە واژۆ نەکرابێت ومۆری کۆمپانیای لەسەر نەبێت لامان تۆمار ناکرێت.

| | |
|---|---|
| بەڵێن دەدەم کە گشت ئەم زانیاریانەی پێشکەشم کردووە لەم فۆرمەدا دروستە و بەپێچەوانەوە بەرپرسیارم بەرامبەر بە یاسا<br><br>بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا<br>٢٠٢ / /<br><br>مۆری کۆمپانیا<br>٢٠٢ / / | مۆری وەزارەت<br><br>پەسەندی دەکەم<br>بەڕێوەبەری کۆمپانیا ئەمنیەکان<br><br>پەسەندی دەکەم<br>بەڕێوەبەری گشتی دیوان |

**پاشكۆی ژمارە (٤)**







| **پاشكۆی ژمارە (٥)** | | |
|---|---|---|
| **وەزارەتی ناوخۆ**<br>**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**<br>**بەڕێوەبەرایەتی كۆمپانیا ئەمنیەكان و مۆڵەت پێدان** | (ISO 9001: 2015) | **ژمارەی مۆڵەت:**<br>**بەروار:** / /<br>**ماوەی مۆڵەت: یەک ساڵ** |

**مۆڵـــــــــــەت**

پاڵپشت بە ماددەی (٥) لە ڕێنمایی (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ تایبەت بە (ڕێکخستنی کاری کۆمپانیا ئەمنیەکان لە هەرێمی کوردستان) و پاش تەواوکردنی گشت پێداویستیەکانی نوێ کردنەوەی مۆڵەت ، بڕیاردرا بە نوێ کردنەوەی مۆڵەتی کاری کۆمپانیا ( ) بۆ کارکردن لە بواری ( /سنوردار) بۆماوەی یەک ساڵ لەرێکەوتی ( / / ).

**بەڕێوەبەری گشتی دیوان**

(WI-63/F1) ژمارە و ڕێکەوتی دەرچوون (٠٤) لە ( / / ٢٠٢٢)

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٨٦٠٩ لە ٢٠٢٢/٦/١٩**

پاڵپشت بە ماددەی (٣٠ ) لە یاسای بەخشین و چاندنی ئەندامانی لەشی مرۆڤ ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٨ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد :-

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنمایی تایبەت بە بەخشین و چاندنی جگەر**

**ماددەی (١): بڕیاردان لە سەر نەشتەرگەری چاندنی جگەر :**

ئەم بڕیارە تەنها لە دەسەڵاتی پزیشکی پسپۆڕی ووردی هەناوی (جگەرو کۆئەندامی هەرس)ە. بەم ڕێکارانەی خوارەوە :

أ- لیژنەیەك پێك دەهێنرێت لەهەر شارێك لە پزیشكێكی ( هەناوی ووردی جگەر و کۆئەندامی هەرس ، نەشتەرگەری ووردی جگەر و کۆئەندامی هەرس ، یاسای ، سکرتێر).

ب- لەناو دیوانی وەزارەتی تەندروستی لیژنەیەکی باڵا پێك دەهێنرێت بە سەرۆکایەتی بەرێوەبەری گشتی بۆ کاروباری تەندروستی لەگەڵ ( سێ پزیشکی پسپۆری هەناوی ووردی جگەر و کۆئەندامی هەرس ، وە سێ پزیشکی پسپۆری نەشتەرگەری ووردی جگەر و کۆئەندامی هەرس یان سێ پزیشکی پسپۆری نەشتەرگەری گشتی خاوەن ئەزموون لەبواری چاندنی جگەر).

**ماددەی (٢): ڕەزامەندی یاسایی:**

هەمان میکانزمی نەشتەرگەری چاندنی گورچیلە پەیڕەودەکرێت و فەرمانگەکانی تەندروستی هەولێر ، سلێمانی ، دهۆك سەرپەرشتی دەکەن بەهەماهەنگی بەشی یاسایی و پۆلیس وئاسایشی هەرێمی کوردستان

**ماددەی (٣):بەخشەر :**

بەخشەری جگەر دەبێت ڕێگەپێدراوبێت بە بەخشینی ئەندامەکانی لەشی بەگوێرەی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨.

**ماددەی (٤):تیمی چاندنی جگەر :**

ئەبێت بەپێی ستاندەردی جیهانی نەشتەرگەری چاندنی جگەر ئەنجام بدرێت بەم شێوەی لای خوارەوە:

أ- ئەبێت تیمی چاندنی جگەر بتوانێت لەیەك کاتدا دوو هۆڵی نەشتەرگەری بکاتەوە ، وە بۆ هەریەك لە بەخشەر و نەخۆش. (واتە نابێت یەکەم جار بەخشەر و دواتر وەرگر نەشتەرگەری بۆ بکرێت دەبێت لەیەك کاتدا بۆ هەردووکیان نەشتەرگەری ئەنجام بدرێت).

ب- سەرجەم پزیشکانی تیم ئەبێت بڕوانامەی پێویست پێشکەش بکەن وە لەلایەن سەندیکای پزیشکانی کوردستان و وەزارەتی تەندروستی ڕەزامەندی پێش وەختە وەربگرن بۆ کارکردن بە فەرمانی وەزاری.

ج- دەبێت تیمی چاندنی جگەر بە نزیك یەك هەفتە لە لای نەخۆش بمێنەوە لە دوای نەشتەرگەری. دەکرێت یەکێك لە پزیشکانی نەشتەرگار زووتر بڕوات بەمەرجێك باری تەندروستی نەخۆش جێگیر بێت.

د- مەرج نییە هەموو ئەندامانی تیمی چاندنی جگەر بیانیی بن.

٥- دەکرێت نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان گرێبەستیان هەبێت لەگەڵ نەخۆشخانە و تیمی بیانی تر بەمەبەستی هاوکاری ئەنجام دانی نەشتەرگەری چاندنی جگەر بەڵام دەبێت تیمە بیانییەکان رەزامەندی وەزارەتی تەندروستی یان هەبێت .

**تیمی چاندنی جگەر لەمانە پێك دێت :**

١- دوو پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەری چاندنی جگەر کەوا بڕوانامەی باوەڕپێکراوی چاندنی جگەریان هەبێت و ئەزموونی تەواویان هەبێت لە نەشتەرگەری چاندنی جگەر وە زیاتر لە سەدان حاڵەتی چاندنی جگەریان کردبێت (بەتەنها) لەم بوارەدا. پێویستە سی ڤی خۆیان پێشکەش بکەن کەوا بە روونی تێدا هاتبێت کەوا ئەم جۆرە نەشتەرگەریانەی بە تەنها کردووە .

٢- یەك پزیشکی پسپۆڕی سڕکردن (مخدر) کەوا ئەویش پسپۆڕی هەبێت و ئەزموونی هەبێت لە سڕکردنی نەخۆشی چاندنی جگەر. پێویستە سی ڤی خۆی پێشکەش بکات کەوا بە روونی تێدا هاتبێت کەوا ئەم جۆرە نەشتەرگەریانەی بە تەنها کردووە.

٣- یەك پزیشکی پسپۆڕی چاودێری چڕ کەوا پسپۆڕبێت و ئەزموونی هەبێت لە چاودێریکردنی نەخۆشی چاندنی جگەر.

٤- دوو پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی خاوەن ئەزموون لەبواری چاندنی جگەر وەك پزیشکی یاریدەدەر.

**تێبینی:** دەکرێت پزیشکی خاڵی (٢) و خاڵی (٣) هەمان پزیشك بێت بە مەرجێك بڕوانامەی باوەڕپێکراوی هەبێت لە هەر دوو بواردا و کار لە نەشتەرگەرییەکە نەکات.

٥- دوو پەرستاری زانکۆ یاریدەدەری نەشتەرگەری چاندنی جگەر کەوا شارەزایی هەبێت لە ئامادەکردنی نەشتەرگەری.

٦- یەك پزیشکی پسپۆڕی ووردی هەناویی جگەر .(Hepatologist)

**تێبینی:** ناکرێت دەستکاری پسپۆری ئەندامانی تیم بکرێت یاخود ژمارەکەیان کەم بکرێتەوە یان ماوەی مانەوەی تیم کەم بکرێتەوە. وە لەکاتی دەستکاری کردنی ژمارە و پسپۆرانی تیم یان کاتی مانەوەیان ئەوە نەخۆشخانەکە ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی و رێکاری یاسای دەبێت.

**ماددەی (٥):نەخۆشخانەکان :**

هەموو نەخۆشخانەکانی کوردستان بۆیان هەیە ( CV) پێشکەش بکەن بۆ کردنەوەی سەنتەر چاندنی جگەر لە نەخۆشخانەکەیان بەڵام بە بوونی ئەم مەرجانە -:

أ- هەبوونی تیمی نەشتەرگەری چاندنی جگەری ئاماژەپێکراو لە برگەی چوار.

ب- ئامادەکرنی هەریەك لەنەخۆش وبەخشەر بەشێوەیەکی زانستی و بەپەیرەوی کرنی پرۆتۆکۆلەکان

ج- ئامادەکردنی هۆلەکانە نەشتەرگەری بەم شێوەیە :

- لە روو تعقیم دەبێت هۆڵی نەشتەرگەری پاك بێت و HIPPA Filter هەبێت.
- ئامادەکردنی لیستی کەل و پەلی نەشتەرگەری (Check list) بۆ چاندنی جگەر.
- بوونی کەل و پەلی تایبەت بە نەشتەرگەری وەك :

- CUSA
- Thompson retractor 2 Set
- Vascular Graft
- Graft Irrigation Solution
- Rapid Infuser

د- هەبوونی یەکەی چاودێری چڕی ستاندەر وەك بوونی ( ژووری عزل ) . لەگەڵ ئامادەکردنی (Check list ) بۆ دەرمان و کەل و پەلی چاودێری چڕ.

ە- هەبوونی ئەم بەشانە لە نەخۆشخانە:

- Radiology Intervention
- Renal Dialysis Unit
- Cath Lab
- ERCP
- Advanced laboratory

و- چاودێری کردنی نەخۆش لە دوای نەشتەرگەری لە لایەن هەریەك لە پسپۆری نەشتەرگەری و Hepatologist دەبێت.

ز- ئامادەکردن و پەیڕەو کردنی سەرجەم فۆرمەکانی. واتە :

- Preoperative Protocols Forms.
- Intraoperative Protocols Forms.
- Postoperative Protocols Forms.

**ماددەی (٦): نرخ :**

پاکێجی چاندنی جگەر لە کاتی داخل بوونی نەخۆش لە نەخۆشخانە دەست پێ دەکات وە تەواو دەبێت لە کاتی دەرچوونی (نەخۆش وبەخشەر ) لە نەخۆشخانە وە هەمووبەشەکان دەگرێتەوە (دەرمان - تاقیگە - خەوتن لە چاودێری چڕ- خەوتن لە رەدهە - شوشتنی گورچیلە - ERCP - تیشك ) وە ناکرێت هیچ بڕە پارەی تر وەربگرێت بەهیچ بیانویەك.

ئەم پاکێجە ئامادەکردنی نەخۆش و بەخشەری پێش نەشتەرگەری ناگرێتەوە و سەرجەم خەرجیەکان لەسەر ئەستۆی نەخۆش دەبێت.

**ماددەی (٧): چاودێری نەخۆشی درێژخایەن :**

لە دوای دەرچوونی نەخۆش لە نەخۆشحانە ئامادەکاری دەکرێت بۆ دانانی سەنتەرێك بۆ بە دواداچوونی درێژخایەنی نەخۆشەکان لە دوای نەشتەرگەری لە سەنتەرەکانی کۆئەندامی هەرس وجگەرلە لایەن وەزارەتی تەندروستی.

**ماددەی (٨): سوود وەرگرتن لە سەنتەر:**

دەکرێت ئەم سەنتەرە بۆ هەریەك لە کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی بەکاربێت بە دانانی میکانیزمی گونجاو لەلایەن وەزارەتی تەندروستی یەوە .

**ماددەی (٩):**ئەم رێنماییە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**سامان بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**ژمارە:١١٥٠١لە ٢٠٢٢/٤/١٦**

پاڵپشت بە بڕگەی دووەم لە ماددەی (٣٥)ی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکیەکان و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:-

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنمایی پێشکەشکردن و وەرگرتن بۆ پرۆگرامەکانی ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)**

**ماددەی (١): مەرجە گشتیەکان:**

١- بەدەستهێنانی نووسراوی لارینەبوون لە شوێنی کارکردنی ئێستای پێشکەشکار بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی.

٢- بەڵگەنامەی پوختەی ڕاژە.

٣- مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی: بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

**أ-** مەرجی بڕوانامەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی بۆ گشت پێشکەشکارانی پسپۆڕی گشتی و پسپۆڕی وورد بریتی دەبێت لە ( IELTS-Academic: 6 , TOEFL-PBT: 541 , TOEFL-iBT: 72 , Pearson PTE- Academic: 58) و دوا مۆڵەت بۆ پێشکەشکردنی بڕوانامەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی پێش تاقیکردنەوەی کرداری (پراکتیکی) کۆتاییە. بە پێچەوانە بە سەرنەکەوتوو هەژمار دەکرێت.

ب- سەبارەت بە ئەنجامدانی بڕوانامەی تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە وەکو (IELTS-Academic, TOEFL-PBT, TOEFL-iBT, Pearson PTE-Academic) تەنها لە سێنتەرەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) کاری پێدەکرێت، هەروەها لەگەڵ وڵاتانی (ئەمریکا و بەریتانیا و کەنەدا و نیوزلەندا و ئوستراليا). بە پێچەوانەوە کاری پێناکرێت.

ج- پێویستە لەسەر ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرییەکانی پزیشکی ڕاست و دروستی (صحة صدور) بۆ بڕوانامەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی ( IELTS-Academic, TOEFL-PBT, TOEFL-iBT, Pearson PTE-Academic)ی وەرگیراوان بکات.

د- بڕوانامەی تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیەکانی زمانی ئینگلیزی وەکو (TOEFL, IELTS-Academic, Pearson PTE-Academic) بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ (لەسەر بنەمای ڕێکەوتی تاقیکردنەوە) کاری پێدەکرێت بە مەرجێك ئەو بڕوانامانەی کە ماوەی (٢) دوو ساڵیان بەسەردا تێپەڕیووە، پێویستە پێشووتر راست و دروستی بۆ بڕوانامەکانیان ئەنجام درابێت.

١- بەڵگەنامەی پشکنینی پزیشکی کە پێشکەشکار هیچ نەخۆشیەکی گواستراوە (الامراض الانتقالیة) و هیچ بەربەستێکی تەندروستی لە بەردەم بەردەوام بوون لە پرۆسەی خوێندن و ڕاهێنان نییە.
٢- تەمەنی پێشکەشکار بۆ خوێندنی ئاسایی نابێت لە (٥٠) ساڵ زیاتر بێت، بە پێچەوانەوە پێشکەشکار دەتوانێت بە سیستەمی پاراڵێل پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکات.
٣- مەرجە پێشکەشکار خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی بێت، بە پێچەوانەوە پێشکەشکار دەتوانێت بە شێوازی پاراڵێل پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکات.

**ماددەی (٢): مەرجە تایبەتیەکان:**

١- پێشکەشکارانی پسپۆڕی تیشک و سۆنار (Radiology)، مەرجە دوو ساڵی لە خولی ڕاهێنانی تیشک (دورة تدریب الاشعة) یاخود دوو ساڵ نیشتەجێی دێرین (مقیم اقدم)ی تەواو کردبێت.
٢- مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕی (Clinical Hematology) بە دوو شێوە دەبێت:-
أ- ئەگەر هاتوو پێشکەشکار بڕوانامەی بۆرد یاخود هاوتای بۆرد (بۆڕدی هەناو)ی هەبێت، ئەوا ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) سێ ساڵ دەبێت.
ب- ئەگەر هاتوو پێشکەشکار هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بوو، ئەوا دەبێت ساڵێک وەکو پزیشکی نیشتەجێی دێرین خزمەتی هەبێت لە یەکێک لەم بەشانەی خوارەوە:
ج- {هەناو، نەخۆشیەکانی خوێن، نەخۆشیەکانی گرێ (الاورام) }، هەروەها مەرجی پلەبەندی نایانگرێتەوە و ماوەی خوێندن و ڕاهینان (٥) پێنج ساڵ دەبێت.
د- هەڵگری بڕوانامەی بۆڕدی (Hematopathology)، خوێندنیان بۆ ماوەی (٤) چوار ساڵ دەبێت.
٣- مەرجەکانی خوێندن و ڕاهێنان بۆ ئەم پسپۆڕیانەی خوارەوە، بەو دوو شێوەیە دەبێت:
(Cardiovascular, Respiratory Medicine, GIT, Nephrology, Medicine, Digestive Surgery Rheumatology)
أ- ئەگەر پێشکەشکار هەڵگری بڕوانامەی بۆڕد بوو، ئەوا ماوەی خوێندن و ڕاهێنانی (٣) سێ ساڵ دەبێت.
ب- ئەگەر پێشکەشکار هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت، ئەوا ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٥) پێنج ساڵ دەبێت، هەروەها ساڵێک وەکو نیشتەجێی دێرین خزمەتی هەبێت لە بەشی هەناوی گشتی یاخود ئەو بەشەی کە پێشکەشی دەکات.
٤- مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕی (Endocrinology):
أ- تەنها هەڵگرانی بڕوانامەی بۆڕد یاخود هاوتای بۆڕد دەتوانن پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکەن.
ب- ماوەی خوێندن و ڕاهینان (٣) سێ ساڵ دەبێت.
٥- مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕی (Digestive Surgery): پێشکەشکار دەبێت هەڵگری بڕوانامەی بۆڕد یاخود هاوتای بۆڕدی هەبێت لە بەشی نەشتەرگەری گشتی.

٦- ئەم پسپۆڕیانەی خوارەوە پێویستیان بە پلەبەندی نیە وەکو مەرج لە حاڵەتی پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی بە پێی یاسا بەرکارە پەیوەندیدارەکان: (Anesthesia, Psychiatry, Intensive Care Medicine, Emergency Medicine)

٧- مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕی (Clinical Pharmacy):

أ- دەبێت (١) یەک ساڵ وەکو دەرمانسازی نیشتەجێی خولاو خزمەتی فعلی هەبێت.

ب- دەبێت (١) یەک ساڵ وەکو دەرمانسازی پلەبەند خزمەتی هەبێت.

٨- مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕی (Intensive care medicine): هەمان مەرجە گشتیەکان پەیڕەو دەکرێت لەم پسپۆڕیەتیە و پێویستی بە ماوەی پلەبەندی نیە بۆ (Track I) لە حاڵەتی پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی بە پێی یاسا بەرکارە پەیوەندیدارەکان.

* بۆ (Track II) هەڵگرانی بڕوانامەی بۆرد ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەن لەم بەشانەی خوارەوە دەتوانن پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکەن لەم بەشانە:

(General Surgery, Cardiothoracic Surgery, Neurology, Anesthesia, Internal Medicine, Pediatrics, Emergency Medicine, Cardiology, Respiratory Medicine, Nephrology)

٩- خوێندن و ڕاهێنان لەپسپۆڕی (Pediatric Surgery): مەرجە پێشکەشکار یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرینی هەبێت لە بەشی (Pediatric Surgery) یاخود لە بەشی نەشتەرگەری گشتی.

١٠- مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆری (Special Care Dentistry): پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە.

١١- مەرجی خوێندن وراهێنان بۆ پسپۆڕیەکانی (Health Administration Infectious Disease Control):

أ- پێشکەشکار پێویستی بە ماوەی پلەبەند هەیە وەکو مەرج.

ب- تەنها دەرچووانی کۆلێژی پزیشکی گشتی دەتوانن پێشکەشی پسپۆڕی (Infectious Disease Control) بکەن.

ج- دەرچووانی کۆلێژەکانی دەرمانسازی و پزیشکی ددان دەتوانن پێشکەشی پسپۆڕی (Health Administration) بکەن.

د- خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕیەتی (Dental Public Health) تەنها دەرچووانی کۆلێژی پزیشکی ددان دەتوانن پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکەن لەم بەشە و مەرجە پێشکەشکار ساڵێک خزمەتی وەکو پلەبەند هەبێت.

١٢- بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە پێویست بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین ناکات وەکو مەرج:

(Family medicine, Community Medicine, Health Administration, Special Care Dentistry, Dental Public Health, Restorative Dentistry, Orthodontics, Maxillofacial & Oral Medicine, Infections Disease Control, Clinic Pharmacy, Intensive Care Medicine, Psychiatry).

١٣- مەرجی دوو ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرین بۆ هەردوو بەشی ( Dermatology, Plastic Surgery).

**تێبینی**/ هەردوو پسپۆڕی پێست و نەشتەرگەری جوانکاری دەکرێت دوای تەواوکردنی یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرین پێشکەشی خوێندن و راهێنان بکات بە مەرجێک بەڵێنامەی کارکردن بدات کە وەک میلاک بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ لە دەرەوەی شار خزمەت بکات لە (هەڵەبجە و گەرمیان و راپەین و کۆیە و زاخۆ) و ببێتە میلاکی ئەم شوێنە.

١٤- ئەو بەشانەی کە پێویستە پێشکەشکار خزمەتی نیشتەجێی دێرینی هەبێت وەکو مەرج بۆ ماوەی ساڵێک بۆ ئەوەی پێشکەشی خوێندن و راهێنان بکات لەم بەشانەی خوارەوە:

(Internal Medicine, Pediatrics, Neurology, Medical Oncology, Clinical Hematology, General Surgery, Gynecology & Obstetrics, Neurosurgery, Orthopedic, ENT, Urology, Cardiothoracic & Vascular Surgery, Ophthalmology, pediatrics Surgery, Maxillofacial & Oral Surgery, Radiation Oncology, Lab. Hematology, Histopathology, Chemical pathology, Clinical Microbiology).

**تێبینی** /

أ- هەڵگری بڕوانامەکانی (MRCP, MRCS, FRCP, FRCS) بە هاوتای بۆڕد هەژمار ناکرێت. تەنها ئەو بڕوانامانە ئەژمار دەکرێن کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان یەکسانکردنی بڕوانامەی بۆ کراوە لەسەر بنامەی (CCT).

ب-سەبارەت بە پێشکەشکارانی دانەمەزراو، دواتر ناوەڕۆکەکەی بە فەرمانی وەزاری دەردەچێت.

**ماددەی (٣): تاقیکردنەوەی توانستی زانستی:**

١- تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بە شێوەیەکی ستانداری ناوەندی ئەنجام دەدرێت کە پرسیار و هەڵەچنینی پەڕاوی تاقیکردنەوەکان لە لایەن لیژنەیەی پسپۆر لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆریەکانی پزیشکی ئامادە دەکرێت و ئەنجام دەدرێت.

٢- مەرجە پێشکەشکار لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەربچێت و مەرجە بە لایەنی کەم (٦٠) نمرە لە (١٠٠) نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە بەدەست بهێنێت، بە پێچەوانەوە مافی چوونە پێشبرکێی نییە.

٣- بە هیچ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ پۆینت ناکرێت بۆ مەبەستی دەرئەنجامی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ نمرەی بەدەستهاتوو دەکرێت (واتە نمرەکان جبر ناکرێن و کێرڤ نادرێت لە کاتی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی).

٤- تاقیکردنەوەی توانستی زانستی تەنها بە شێوەی نووسین ئەنجام دەدرێت.

٥- پێویستە لیژنەیەکی زانستی تایبەت سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکان بکات.

٦- پێویستە لەگەڵ پێشکەشکردنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە لایەن مامۆستایانی پسپۆڕ، وەڵامی نمونەیی پرسیارەکان پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوەکان بکرێت.

**ماددەی (٤):** ڕێکخستنی پێشبڕکێ لە نێوان پێشکەشکاران و پێوەرەکانی سیستمی ڕیزبەندی بەپێی ڕێژەی خاڵ:-

شێوازی وەرگرتن و پێوەرەکانی پێشبرکێ لە نێوان پێشکەشکاران بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:-

١- نمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، ڕێژەی (٣٠٪)ی بۆ تەرخان دەکرێت.

٢- نمرەی تاقیکردنەوەت توانستی زانستی، ڕێژەی (٧٠٪)ی بۆ تەرخان دەکرێت.

**تێبینی:**

أ- بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دبلۆمی دوو ساڵە (٤) چوار نمرەی پێ دەدرێت بۆ مەبەستی پێشبرکێ.

ب- بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی یەک ساڵە (٢) دوو نمرەی پێ دەدرێت بۆ مەبەستی پێشبرکێ.

ج- بۆ هەر ساڵێکی نیشتەجێی دێرین (٢) دوو نمرەی پێ دەدرێت بۆ مەبەستی پێشبرکێ، بە مەرجێک لە (٢) دوو ساڵ زیاتر نەبێت.

د- بۆ هەر ساڵێکی خزمەت پاش پسپۆری یاخود نیشتەجێی دێرین (١) یەک نمرەی پێ دەدرێت بۆ مەبەستی پێشبرکێ، بە مەرجێک لە (٢) دوو ساڵ زیاتر نەبێت.

ه- پسپۆری وورد، تاقیکردنەوە لەسەر (١٠٠) نمرە ئەنجام دەدەن و نمرەی بەدەستهاتوو دەبێتە نمرەی پێشبرکێ بۆ خاڵبەندی.

**ماددەی (٥): بەڵگەنامە داواکراوەکان:**

١- فۆڕمی پێشکەشکردن.

٢- نووسراوی لاری نەبوون لە شوێنی کارکردنی ئێستای پێشکەشکار لەسەر ئاستی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پێشمەرگە.

تێبینی/ بۆ داموودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی زانکۆ دەبێت.

٣- دوایین پوختەی ڕاژەی پێشکەشکار.

٤- وێنەی ڕەسەنی بڕوانامەی کۆلێژ بە زمانی ئینگلیزی بە نمرە.

٥- وێنەی ڕەسەنی بڕوانامەی هەڵواسراو یان فەرمانی بەخشینی بڕوانامە بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی بۆرد.

٦- وێنەی ڕەسەنی بڕوانامەی هەڵواسراو بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دبلۆمی باڵا.

٧- وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ لە ڕەگەزنامەی عێراقی و ناسنامەی باری شارستانی و کارتی زانیاری یاخود کارتی نیشتمانی.

٨- (٢) دوو وێنەی ڕەنگاوڕەنگ.

٩- پسولەی ژمێریاری بەشداری کردن لە تاقیکردنەوەی وەرگرتن لە خوێندن و راهێنان.
١٠- پێشکەشکار پێویستە لە ماوەی پرۆسەی پێشکەشکردن، بەڵێنامەی یاسایی لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرییەکانی پزیشکی پڕ بکاتەوە کە لە بۆردی پزیشکی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات وەرنەگیراوە.

**ماددەی (٦): پلان و ژمارەی کورسییەکان:**

دوای دەرچوونی ئەم رێنماییە، وەزارەت لە رێگەی فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا داوای پلان لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی دەکات، ئەنجومەن هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی پلانی وەرگرتن بە پێی یاسا و رێنماییەکان و ژمارەی کورسییەکان دیاری دەکات بە رەچاوکردنی هەبوونی ستاف و ژێرخانی ئەندازەیی و ئەکادیمی و کارگێری و دەستەبەرکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی زانستی و پێداویستی راستەقینەی دامووەزگاکانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان و پاشان لە لایەن وەزارەت/ فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا پلان و ژمارەی کورسییەکان پەسەند دەکرێت، دوای تەواوبوونی پرۆسەی پێشکەشکردن و ئەنجامدانی رێکارەکان، ئەنجامی بەرایی پێشکەشکاران بۆ وەزارەت/فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا رەوانە دەکرێت بە مەبەستی ووردبینیکردن و پاشان لە لایەن وەزیر پەسەند دەکرێت و پلان ژمارەی کورسیەکانی خوێندن بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:-

١- کورسیە گشتییەکان بە شێوەی خۆرایی: ئەوانەی مافیان هەیە پێشکەشی ئەم جۆرە کورسیە بکەن لە نێوان خۆیان پێشبرکێ لەسەر کورسیەکان دەکەن، هەروەها پێشکەشکردن لەسەر رێژەی کورسیە گشتیەکان بە خۆرایی بە شێوەی سەرتاسەری بە پێی پلان دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی بەرزترین خاڵی بەدەستهێنا بە پێی پلان وەردەگیرێت.
٢- کورسی بە شێوازی پاراڵێل: ئەوانەی مافیان هەیە پێشکەشی کورسی پاراڵێل بکەن لە نێوان خۆیان پێشبرکێ لەسەر کورسیەکان دەکەن، هەروەها پێشکەشکردن لەسەر رێژەی کورسیەکانی پاراڵێل بەشێوەی سەرتاسەری بە پێی پلان دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی بەرزترین خاڵی بەدەستهێنا بە پێی پلان وەردەگیرێت.

**تێبینی:**

أ- کورسی خوێندن بۆ پلانی پێشنیارکراو لە لایەن ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییەکانی پزیشکی و پەسەندکراو لە لایەن وەزارەتەوە بە هیچ شێوەیەک زیاد ناکرێت و گۆڕانکاری تێیدا ناکرێت.
ب- لە پێناو دروستکردنی هەلی یەکسان و دادپەروەری و شەفافیەت، کورسی بۆ هیچ وەزارەت و دامەزراوەیەکی حکومی و تایبەت تەرخان ناکرێت، بەڵکو پێشکەشکردن بە شێوەی سەرتاسەری لەسەر کورسیەکان بە پێی پلان لەسەر بنەمای پێشبرکێ و خاڵبەندی دەبێت.

ج- پێویستە خوازیار لە کاتی پێشکەشکردن تەنها یەک شێوازی پێشکەشکردنی کورسی بە پێی پلان هەڵبژێرێت و واتە نابێت پێشکەشی دوو شێوازی کورسی بکات (واتە پێشکەشکردن لەسەر کورسی گشتی بە شێوەی خۆرایی یاخود کورسی بە شێوازی پاراڵیل).

**ماددەی (٧): لایەنی دارایی خوێندن و راهێنان:**

١-بۆ ئەو پێشکەشکارانەی لەسەر کورسیە گشتیەکان بە شێوەی خۆرایی وەردەگیردرێن، ئەوا گشت تێچووی خوێندن وراهێنان لەسەر ئەستۆی ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییەکانی پزیشکی دەبێت.

٢- ئەو پێشکەشکارانەی لەسەر کورسی پاراڵێل وەردەگیردرێن، ئەوا تەواوی تێچووی خوێندنەکەیان لە ئەستۆی پێشکەشکار دەبێت.

٣- دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە، کرێی خوێندن بە شێوازی پاڕاڵێل لە لایەن ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی پێشنیار دەکرێت بۆ وەزارەت و لە لایەن فەرمانگەی توێژینەوەی پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی کارگێری و دارایی بە واژووی وەزیر پەسەند دەکرێت.

**ماددەی (٨):ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندن و راهێنان:-**

شێوازی ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن و راهێنان لە ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییەکانی پزیشکی بە رێنمایی تەواوکاری دەردەچێت.

## حوکمە گشتیەکان

**ماددەی (٩):**

١- مەرجە پێشکەشکار دەرچووی یەکێک لە زانکۆ باوەرپێکراوەکان بێت کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستانی-عێراق دانپێدانراو بێت.

٢- هیچ مامەڵەیەکی پێشکەشکردن وەرناگیرێت، ئەگەر پێشکەشکار سەرجەم دۆکیۆمێنتەکانی تەواو نەبێت تاوەکو دوایین ڕۆژی پێشکەشکردن، بە پێچەوانەوە پێشکەشکار مافی بەشداربوونی لە تاقیکردنەوە نابێت، ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکیەکان لیژنەیەک پێکدەهێنێت کە بەرپرسیارە لە وردبینی کردنی دۆکیۆمێنتەکان و دەستنیشانکردنی لیستی ئەو پێشکەشکارانەی کە مافی تاقیکردنەوەیان هەیە، هەروەها وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەرێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا مافی چاودێری و وردبینی پرۆسەی پێشکەشکردن و وەرگرتنی هەیە.

٣- پێویستە وەرگیراو پێش دەستپێکردن بە خوێندن و راهێنان، مۆڵەتی خوێندن بەپێی یاسا و پەیڕەو و رێنماییە کارپێکراوەکان وەربگرێت و پێشکەش بە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕییەکانی پزیشکی بکات.

٤- لە کاتی پێشکەشکردنی هەر دۆکیومێنتێکی نادروست لە لایەن پێشکەشکار بۆ مەبەستی پێشکەشکردن و وەرگیران لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرییەکانی پزیشکی، ئەوا راستەوخۆ فەرمانی سڕینەوەی ناوی لە لایەن ئەنجومەنەوە بۆ دەردەکرێت و ڕێکاری یاسایی بەرامبەری وەردەگیردرێت.

٥- وەزیر و ئەوانەی کە لەم پلەیەدان و ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و سەرۆکی یەکە کارگێرییەکان و سەرجەم فەرمانبەرانی خاوەن پلەی (باڵا/أ) و پلەی (باڵا/ب)، تاوەکو لەو پلەیەدان، ناتوانن پێشکەشی خوێندن و راهێنانی بۆرد بکەن.

**ماددەی (١٠):**

کار بە هیچ ڕێنمایی یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ دەقەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک و پێچەوانە بێت و ئەو راهێنراوانەی کە پێشووتر وەرگیراون و لە ئیستادا بەردەوامن لە خوێندن و راهێنان، ئەوا بەپێی ڕێنمایی پێشوو بەردەوام دەبن.

**ماددەی (١١):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

## هۆیەکانی دەرچوون

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و بە مەبەستی ڕێکخستنی مەرج و ڕێکارەکانی پێشکەشکردن و شیوازی پێشبرکێ و بەدیهێنانی هەلی یەکسان و دادپەروەری و شەفافیەت لە پڕۆسەی پێشکەشکردن و وەرگرتن لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکیەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی بۆڕدی پزیشکی ڕەچاوکردنی هاوسەنگی نێوان چەندایەتی و چۆنایەتی خوێندن و راهێنان، و هەروەها دروستکردنی هەلی درێژدەدان بە خوێندنی بۆردی پزیشکی بۆ پێشکەشکاران و پێگەیاندنی پزیشکی پسپۆر بۆ داموودەزگاکانی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە. وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ئەم ڕێنماییەی دەرچواند.

**د. ئارام محمد قادر**

**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٦٧٥٣ لە ٢٠٢٢/٧/٦**

پاڵپشت بەنووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٧٦٨)لە ٢٠٢٢/٢/١٦ بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی پرۆسەی خزمەتگوزارییەکانی (دابینکردنی خواردن و پاککردنەوە) لەسەرجەم نەخۆشخانەکان وسەنتەرەکانی گشت بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تەندروستی ، دوای دیراسەتکردن و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هاوبەش بە بەشداری لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بەر ئەوەی ئەم بابەتە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هە یە بە ژیانی نەخۆشان و دروست نەبوونی گرفت لەم خزمەتگوزارییانە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەریان ، بۆ ئەم مەبەستە بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە ٠

**ڕێنمایی ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**تایبەت بەخزمەتگوزاری (دابینکردنی خواردن و پاککردنەوە) لە نەخۆشخانەکان**

**یەکەم:** پێویستە هە ر بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی تەندروستی یەک تەندەر بۆ (دابینکردنی خواردن) بۆ ماوەی (١) یەک ساڵ بۆ سەرجەم نەخۆشخانە وسەنتەرەکان ئامادەبکات ، لەهەمان کاتدا لە بەر ئەوەی بەپێی بەدواداچوون و زانیارییەکان بەشێکی زۆری ئەو خواردنەی ئامادە دەکرێت بەفیرۆ دەچێت و ڕێژەیەکی کەم سوودی لێ وەردەگیرێت بۆیە پێویستە وەزارەتی تەندروستی پێداچوونەوە بەم بابەتە بکات تاکو بە فیرۆدانی خواردن و خەرجی ناپێویست لەم بوارە کەم بکرێتەوە بۆ نزمترین ئاست ئەو کات دەکرێت ئەنجام و زانیاری بەرز بکرێتەوە تاکو لە ئایندەدا دوای دیراسەتکردن ماوەی گرێبەستەکان لە ساڵێکەوە بکرێت بە دوو ساڵ .

**دووەم:** یەکخستنەوەی هە ر دوو خزمەتگوزاری دابینکردنی مەواد و پێداویستی پاککەرەوە ) و ( کاری پاککردنەوەی نەخۆشخانەکان و دابینکردنی کرێکار ) لە یەک گرێبەست دا لە ژێر ناونیشانی (پاککردنەوەی نەخۆشخانەکان ) .

١- کڕینی سەرجەم مەواد و پێداویستیەکانی پاککردنەوە بەپێی بڕو و تایبەتمەندی (مواصفات) داواکراو لە دۆکیومێنت و مەرجەکانی بانگەوازکردندا لە سەر بەڵێندەر دەبێت .

٢- خەرجی گواستنەوەی کەرەستە ( مواد) و پێداویستیەکانی پاککردنەوە و کۆگاکانیان لە ئەستۆی بەڵێندەر دەبێت ، بە مەرجێک لە ناوسنووری شارەوانی ئەو شارەیان شارۆچکەیە بێت نەخۆشخانەکەی تێدایە .

٣- خەرجی گەیاندنی کەرەستەکان (المواد) خاڵی (ب) بۆ ئەو نەخۆشخانەو دەزگا تەندروستیانەی کە گرێبەستەکەیان بۆ ئەنجام دراوە بەپێی بڕو جۆری داواکراو بە مەرجێک هە ر بڕێکی (وجبە) بۆ هەفتەیەک کەمتر نەبێت لە سەر بەڵێندەر دەبێت و پێویستە هە موو بڕەکان لە لایەن فەرمانبەری وەزارەتی تەندروستی وەربگیرێت و لە ڕۆژی خۆی تۆمار بکرێت.

٤- دابینکردنی کرێکاری پێویست و دابەشکردنیان بەپێی ژمارە و توانا و لێهاتوویی داواکراو ٠

٥- سەرجەم خەرجییەکانی کرێکارەکان وەک ( گواستنەوە ، شوێنی حەوانەوە ،جل و بەرگی یەکپۆشی ، نان خواردن و هەرچی پێداویستی تریان هەیە ) لە سەر بەڵێندەر دەبێت ٠

٦- پوختەی (الصافي ) مووچەی کرێکار لە (٣٥٠٠٠٠ ) دینار کەمتر نەبێت بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کە لە (٥%)ی مووچەکەی دەبڕدرێت .

٧- بەڵێندەر پابەند دەبێت بەپێدانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەپێی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی ژمارە (٣٩) ی ساڵی ١٩٧١ .
٨- دەبێت ڕێژەی کرێکاری ناوخۆ لە ڕێژەی (٣٥%) ی ژمارەی کرێکارەکان کەمتر نەبێت .
٩- ڕێژەی کرێکار ناوخۆ لە ڕێژەی (٧٥%)ی ژمارەی کرێکارەکان کەمتر نەبێت .
١٠- پشکنینی تەندروستی سەرجەم کرێکارەکان لە سەر بەڵێندەر دەبێت و هیچ کرێکارێک دەست بەکار نابێت بەر لە پێشکەش کردنی ئەنجامی تەندروستی ئەم پشکنینیانە .
١١-لە حاڵەتی یەکسان بوونی دوو عەرز ، سەرەتا دەبێت ئەم پێوەرانەی خوارەوە لە بەر چاو بگیرێن.
١٢- کام لە بەڵێندەرەکان ژمارە رەگەزی مێی زیاتر بوو ، بۆ هەر کرێکارێک یەک خاڵ وەکو پێشینەتر (افضلیة) دادەنرێت .
١٣- کام لە بەڵێندرەکان ژمارەی (کەم ئەندام ) زیاتر بوو ، بە مەرجێک ئیشەکەی بەتەواوەتی پێ بکرێت ، بۆ هە ر کرێکارێک یەک خاڵ وەکو پێشینەتر (افضلیة) دادەندرێت ٠

**سێیەم:** پێویستە هەر بەرێوەبەرایەتییەکی گشتی تەندروستی (١) یەک تەندەر بۆ ( پاککردنەوەی نەخۆشخانەکان ) بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ بۆ سەرجەم نەخۆشخانە و سەنتەرەکان ئامادە بکات .

**چوارەم:** لە مەودوا پێویستە گشت قۆناغەکانی دابینکردنی هەردوو خزمەتگوزاری هاتوو لە دەسپێکی پرۆسەی تەندەرین تاوەکو قۆناغی (واژووکردنی گرێبەست ) لە بەرێوەبەرایەتییەکانی گشتی ئەنجام بدرێن .

**پێنجەم:** پێویستە وەزارەتی تەندروستی (٤) چوار مانگ بەر لە تەواوبوونی گرێبەست کاری خەملاندن تەواو بکات بەمەرجێک لە پرۆسەی خەملاندن هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی وئابووری بکرێت تاکو رۆتینیات کەم بکرێتەوە و خەملاندنێکی شایستە ئەنجام بدرێت لە هە مان کاتدا پێویستە وەزارەتمان بەر لە کەمکردنەوەی نرخی خەملێندراوە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتتان بکات .

**شەشەم:** لەلایەن وەزارەتی تەندروستی پێویستە گرنگی تەواو بدرێت بەکارکردن لە سەر ئەم بابەتە ولە گشت قۆناغەکان رێکارەکان بە شێوەیەکی دروست ئەنجام بدرێن و بەرایی پێویست دابنرێت ٠

**حەوتەم:** پێویستە لە کاتی سپاردنی ئەم ئەرکە بە هەر کۆمپانیایەک رەچاوی یاسا و رێنماییەکان بە تایبەت ڕێنمایی جێبەجێ کردنی گرێبەستە گشتیەکان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ بکرێت و تیشک بخرێتە سەر (توانای دارایی کۆمپانیا ، ئەزموون و شارەزایی ، دڵسۆزی و پابەندیەتی ، بارمتەی یاسایی )

**هەشتەم:** پێویستە سەرجەم مافەکانی کرێکار پارێزراو بن لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکان .

**نۆیەم:** پیویستە بەدواداچوون و چاودێری بەردەوام هەبێت و لەکاتی بوونی هەر سەرپێچییەک دەستبەجێ ڕێکاری یاسای ئەنجام بدرێت بەرامبەر لایەنی کەمتەر خەم .

**دەیەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوو نیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە ٠

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**ئەنجومەنی دادوەری**
**ژمارە: ٣٨٦ لە ٢٠٢٢/٦/٢٢**

**بڕیاری ساڵی ٢٠٢٢**

ئاماژە بە بەیانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠٢٢) بە نووسراویان ژمارە (٢٩١٧ لە ٢٠٢٢/٢/٢) کە تایبەتە بە گۆڕینی ناحیەی سەڵاحەدین بۆ قەزای پیرمام بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە ئەنجومەنی دادوەری بە کۆی دەنگ بڕیاردرا بە:
- گۆڕینی ناوی دادگای (بەرایی سەڵاحەدین) بۆ(دادگای بەرایی پیرمام) .
-ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە

**دادوەر**
**عبدالجبار عزیز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە(١٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسایی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە(١٢) ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:
١- هێنانەکایەی(استحداث) کردنی (بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان) سەربە ئیدارەی سەربەخۆیی گەرمیان لەبەر بەرژەوەندی گشتی و زۆربونی کارو پرۆژەکان و کارئاسانی بۆ هاوڵاتیان و خزمەتکردنی زیاتر کرێکارانی ئەم سنوورە
٣- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێ لە ڕۆژی بڵاوبووەنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**بەیانی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (١٠)ی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠١٠ی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و ماددەی (٨)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ی یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی رەسمی (وەقایعی کوردستان) ئەم بەیانەمان دەرکرد :
ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی٢٠٢٢ تایبەت بە(چاودێری ژینگەیی بۆ پڕۆژەکان) ماددەی (١) بڕگەی (٧) هەمواردەکرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە :
٧.چالاکی : هەرجۆرە چالاکیەکی پیشەسازیی یان بازرگانی یان خزمەتگوزاری یان هەر چالاکیەکی دیکە کە کاریگەری نەرێنی بکاتە سەر ژینگە .
ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێ لە رۆژی بڵاوبونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

**عبدالرحمن صدیق**
**سەرۆکی دەستە**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (هۆبەی ئەندازە) لەنەخۆشخانەی نانەکەلی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٧/٤.

**بەیانی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( هۆبەی ددان ) لە نەخۆشخانەی نانەکەلی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٧/٤.

**بەیانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( هۆبەی راوێژکاریەکان ) لە نەخۆشخانەی نانەکەلی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٧/٤.

**بەیانی ژمارە (٤١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( هۆبەی نەخۆشیەکان کوێرە رژێنەکان ) لە نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٦/١٥.

**بەیانی ژمارە (٤٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( بنکەی ئاکرێ بۆ پشکنین و چارەسەری نەخۆشیەکانی چاو ) لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی ئاکرێ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٦/٢٨.

**بەیانی ژمارە (٤٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( هۆبەی چارەسەری کیمیاوی chemotherapy ) لە سەنتەری ئاوات سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٦/٢٩.

**بەیانی ژمارە (٤٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (مەڵبەندی تەندروستی دۆڵی شاورێ) لە گوندی دارەبەن سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەرین.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٦/٢٩.

**سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**جمهورية العراق**
**إقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار**
**رقم (١١) لسنة ٢٠٢٢**

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (اولاً) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءً على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (٧) بتاريخ ٢٠٢٢\٦\٢٢، قررنا إصدار:

**القانون رقم (٦) لسنة ٢٠٢٢**
**قانون هيئة اعتماد مؤسسات ومناهج التربية والتعليم العالي**
**في إقليم كوردستان - العراق**

**المادة (١):**

**يقصد بالمصطلحات والتعابير الآتية لأغراض أحكام هذا القانون المعاني المبينة إزائها:**

**أولاً**: **الإقليم**: إقليم كوردستان - العراق.

**ثانياً**: **مجلس الوزراء**: مجلس وزراء الإقليم.

**ثالثاً**: **الهيئة**: هيئة ضمان علمي واعتماد لمؤسسات ومناهج التربية والتعليم العالي في الإقليم، مؤسسة بموجب هذا القانون، لدعم ومعاونة وزارتي التربية، والتعليم العالي والبحث العلمي، والمؤسسات التربوية بهدف ضمان جودة التربية والتعليم العالي.

**رابعاً**: **المجلس**: المجلس الأعلى للهيئة.

**خامساً**: **مؤسسات ومناهج التربية والتعليم العالي**: مؤسسات ومناهج التربية والتعليم العالي التابعة لكل من وزارتي التربية، والتعليم العالي والبحث العلمي في الإقليم، وأي مؤسسة تربوية أخرى.

**سادساً**: **شهادة الاعتماد**: منح الاعتماد لمؤسسات ومناهج التربية والتعليم العالي من قبل الهيئة بعد التأكد من تنفيذ مؤسسات التربية والتعليم جميع متطلبات معايير الاعتماد.

**المادة (٢):**

**يهدف هذا القانون إلى ضمان ما يأتي:**

**أولاً**: حماية جودة التربية والتعليم العالي لجميع الطلبة على قدم المساواة عن طريق صياغة وبناء ثقافة التقييم والتطوير المستمر.

**ثانياً**: رفع المستوى التربوي والعلمي لمؤسسات التربية والتعليم العالي.

**ثالثاً**: تحقيق الأهداف العامة لمؤسسات التربية والتعليم العالي لغرض إعداد جيل مسؤول وواعي ومثمر.

**المادة (٣):**

**أولاً**: تؤسس هيئة باسم (**هيئة اعتماد مؤسسات ومناهج التربية و التعليم العالي في إقليم كوردستان - العراق**) وتتمتع بالشخصية المعنوية والاستقلال المالي والإداري.

**ثانياً**: يكون للهيئة رئيس يعيين من قبل المجلس الأعلى، يكون مسؤولاً عن توجيه أعمالها وكل ما له علاقة بمهام الهيئة وسائر شؤونها.

**ثالثاً**: تتألف الهيئة من التشكيلات الآتية، والتي يشرف عليها رئيس الهيئة:

١- بورد الاعتماد التربوي.

٢- بورد اعتماد التعليم العالي.

٣- الدائرة القانونية والإدارية والمالية.

**رابعاً**: تحدد تشكيلات بورد الاعتماد التربوي وبورد اعتماد التعليم العالي ودوائر الهيئة وفروعها ومهامها وصلاحياتها بنظام داخلي تقترحه الهيئة ويصادق عليه المجلس الأعلى.

**خامساً**: للهيئة استحداث مديريات وأقسام وشعب أو دمجها أو إلغائها عند الاقتضاء.

**المادة (٤):**

**تتولى الهيئة المهام الآتية:**

**أولاً**: وضع المعايير المناسبة لترسيخ أسس الاعتماد بصورة تتماشى مع المعايير الدولية المعمول بها بما يضمن التميز الأكاديمي والتربوي ونتائج مجمل عملية التعليم والتعلم.

**ثانياً**: التأكد من تطبيق مؤسسات التربية والتعليم العالي والبحث العلمي للمعايير والمواصفات الدولية للاعتماد في المناهج التعليمية عن طريق تنظيم آليات عملية الاعتماد واستخدام وسائل مراجعة النظراء ورقابتها.

**ثالثاً**: دعم وزارتي التربية، والتعليم العالي والبحث العلمي في وضع السياسات العامة والخطط وتطوير القدرات البشرية الخاصة بعملية الحصول على شهادة الاعتماد لمؤسسات التربية والتعليم العالي والمناهج التعليمية، وتوفير وضمان التمويل والدعم المالي لهذه المؤسسات للوفاء بمتطلبات الحصول على هذه الشهادة بموجب المعايير المعمولة بها.

**المادة (٥):**

**أولاً**: يشرف المجلس الأعلى على الهيئة، ويصادق على المعايير والسياسات الملائمة للاعتماد والقواعد والضوابط لتنفيذها.

**ثانياً**: تنظم تشكيلات ومهام وصلاحيات هذا المجلس بنظام يصدره مجلس الوزراء.

**المادة (٦):**

**أولاً**: للهيئة موازنة خاصة ضمن الموازنة العامة للإقليم.

**ثانياً**: للهيئة تملك الأموال المنقولة وغير المنقولة والقيام بجميع التصرفات القانونية اللازمة لتحقيق أهدافها وبضمنها إبرام العقود الخاصة بتحقيق مهام الهيئة وقبول المساعدات والمنح والتبرعات.

**المادة (٧):**

لا تحل المؤسسات المشكلة بموجب هذا القانون محل الوزارات ذات العلاقة فيما يخص المهام والصلاحيات المحددة لها بموجب القوانين الخاصة بتلك الوزارات.

**المادة (٨):**

لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (٩):**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١٠):**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

لغرض الارتقاء بالمستوى العلمي والأكاديمي لمؤسسات ومناهج التربية والتعليم العالي وضمان جودة التعليم في الإقليم، بهدف تنشئة جيل مسؤول وواعي ومثمر، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزانی**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٢٠٢٢/٧/٢٧**